# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی شەشەم ژمارە(130) بەرواری 1–10–2022 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (۱)و (۱۵) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی چوارەم


سەرمایەداری...کارنامە...ل11

## وتەی ژمارە

## ڕاپەڕین و شۆڕش لە ئێران... ماهیەت و ڕێگریەکان و ئاییندەکەی...

**عەبدوڵا مەحمود**

ڕاپەڕین و خرۆشانی جەماوەری لە ئێران درێژەی هەیە و تادێت بەرینتر و سەراسەری تر دەبێتەوە. پایەی سەرەکی ئەم ڕاپەڕین و خرۆشانە جەماوەرییە، نابەرابەریەکی قوڵی ئابوری و بەرین بوونەوەی قڵشتی چینایەتییە لە ئاستێکی یەکجار بەرزدا. بێکاری و گرانی و هەژاری، نەبوونی سەرەتاییترین مافە جهانداگرەکانی ئینسان، نەبوونی سەرەتایی مافی ژنان و لاوان... داسەپاندی یاسا پرتوکاو و



کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان بەسەر کۆمەڵگە و لە پێشیانەوە بەسەر ژناندا، لەوانە حجاب وەکو یەکێک لە ڕەمزەکانی کۆیلەتیی.

دیارە ئەم خۆپیشاندان و ڕاپەرینەی ئێستا، درێژکراوەی نارەزایەتی و خرۆشان و ڕاپەرینەکانی پێشووی کۆمەڵگەی ئیرانە، درێژکراوەی بزوتنەوەی رۆژ لەرۆژ لە پیشی بزوتنەوەی کرێکارییە، درێژکراوەی نارەزایەتی ژنان بە حجاب و سەرکوت و بێمافییە، درێژکراوەی بزوتنەوەی مامۆستایان و خانەنشینانە، درێژکراوەی بزوتنەوەی دژی بیکاریی و نەفرەتی خویندکاران و لاوانی هیوا خنکێنراوە، درێژ کراوەی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستانە...تاد. ئەم بزوتنەوە و ڕاپەرینەی ئێستای ئیران و کوردستان، لێکگرێدراوی و هاوئاهەنگی هەموو ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیانەیانەیە کە لەپێشرەوی خۆیدا، چوارچێوەیەکی سەراسەری تر و هاوئاهەنگتری بەخۆیەوە گرتووە.

ڕاپەڕینی ئێستای جەماوەری ئیران، لەسەر پایەی پێشرەوی و خاراوی بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانی پیشوویدا پێی گرتووە و بەئێرە گەیشتووە. مەرگی مەهسا ئەمینی، لەناو دڵی ئەو نارەزایەتییە فراوان و بەرین و کۆمەلایەتیەدا، بووە هۆی کلّپەسەندنی دوبارەی ئەو پشکۆ و ئاگری ژێر خۆڵەمیشەی دەیان ساڵە لە کۆمەڵگەی ئیراندا ئامادەیی هەیە.

لەناو دڵی ڕاپەرینی ئێستادا، کە بەرهەمی ئاوێزان بوونی بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانە لەگەڵ یەکتری و بۆ ئامانجێکی هاوبەش کە روخاندنی دەسەلاتی ئاخوندەکانە، هاوکات بزوتنەوە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان

بۆ لاپەڕە 2

## بەڵی حجاب نەریتی ئیسلامی سیاسی و ڕەمزی کۆیلەتی ژنانە...



حجاب کە ئیسلامیەکانی کوردستان پێی دەڵێن "باڵا پۆشی، و تاجی زێڕین" نەریتی ئیسلامی سیاسی و رەمزی کۆیلەتی ژنانە و دوور و نزیک پەیوەندی بە کەلتور و جل و بەرگی خەڵکی کوردستانەوە نەبووە و نییە، تەنانەت هیچ پەیوەندی و نزیکایەتیەکی لەگەڵ سەرپۆش و لچک نییە، کە بەشێکی زۆر لە ژنانی باوەڕدار و موسوڵمان لە کوردستان پۆشیویانەو دەیپۆشن.

بۆ لاپەڕە 3

## هێرش و بۆردومانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، پەلەقاژەی مەرگی دەسەڵاتی ئاخوندەکانە!!



دوای چەند رۆژ لە بۆردومانی ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان، بەرواری ٢٨ ی ئەم مانگە و دواتر دەسەڵاتی پایە لەق بوو و لەرزۆکی ئاخواندەکانی ئیران کەوتنە بۆردومانی بنکەو بارەگای زوربەی هەرەزۆری حزب و رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە بنکەو بارەگایان لە کوردستانی عێراقدا هەیە. لە ئاکامی ئەم بۆردومان و هیرشەدا کە بە کاتیۆشا

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* یەکەم کتێب کە من نووسیم.......................................................ل4
* پەیام بۆ خەڵکی ڕاپەریوی ئێران.................................................ل4
* نەغەدە عوسمان" کچەکەی کەژاڵ" وەڵام بەپرسی رۆژ دەداتەوە.....ل5
* ئیسلامی سیاسی چ یارییەکی نەزۆك دەکات لە کوردستان............ل6
* ناسیونالیزمی کورد لە کوێی ئەم جوڵانەوە شۆڕشگێڕانەیە................ل6
* بەرهەمهێنانەوەی تایبەتکراوی خێزان و چەوساندنەوەی ..............ل7
* سەرمایەداری، شۆڕش و سۆشیالیزم.............................................ل9
* گەشاویە تێکۆشانی جەماوەری خەڵکی ئێران.................................ل10


## دۆسیەی ژمارە" هەلومەرجی سیاسی عێراق و پرسی پێکهێنانی حکومەت"



هاوڕێیان نەوزاد مامۆستا عومەر و بەڵێن ئیسماعیل، وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەیان داوەتەوە...ل12-13




پرسی رۆژ ل5

پرسی ژن ل7

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# درێژەی وتەی ژمارە

لەناویدا بەجیا جیاش باڵادەکەن و پێدەگرن. بزوتنەوەی کرێکاریی بە کریکارانی لەسەر کار و بێکارەوە خاراوتر دەبێت و ئەزموونەکانی باڵاتر و ئاستی رێکخراوبوونی زۆرتر و لەوەلانانی گرفتەکانی بەردەمیدا کاراتر دەبێت... بزوتنەوەی ژنان، کە لەهەموو جموجۆڵەکان و نارەزایەتیەکانی ئیراندا ئامادەیی بووە و لە راپەرینی ئەمجارەشدا پرسی ژن و حجابی ئیسلامی داینەمۆی گڕدانی نارەزایەتیەکان و قوربانیەکەی ژن بوو، دەتوانێت بەشێوەیەکی زۆر کارا بەرەوپیش بچێت و ئامادەیەکانی بۆ یەکلایی کردنەوەی نەبەردەکانی داهاتوو تەنانەت بۆ مۆردان لە دەسەڵاتی داهاتوو، بنەخشێنێ. بزوتنەوەی خویندکاران و لاوان و مامۆستایان و خانەنشینان، وەکو چەند بزوتنەوەیەکی هەمیشە ئامادە دەبنە هیزی یەکلاییکەرەوە لەنێوان بزوتنەوە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە لەسەر ئەڵتەرناییفی داهاتووی دوای دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی. بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان، ئاسۆی سیاسی داهاتووی رۆشنتر دەبێت و رێگاکانی کۆتاییهینان بەستەمی نەتەوایەتی لەچورچیوەی بزوتنەوەی ناسیونالیستی تێدەپەڕێنێت و توانای ئەوە دەبێت، رێگاچارەی خۆی لەچوارچیوەی بزوتنەوەی سەراسەری و کریکارییدا بخاتە ڕوو. بەکورتی ئەم راپەرینەی ئیستا لەگەڵ ئەوەدا مۆرکی ناوچەیی و جغرافی پێوەنییە بۆتە سەکۆیەک بۆ هاوئاهەنگی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە شۆرشگێر و ئینسانیەکان، لەسەراسەری ئیراندا، بەڵام هاوکات هەر کام لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بەجیاش، بەرەو خاراوتر بوون دەبات و ناوەرۆکی شۆرشگێرانەی ئەم بزوتنەوەی ئیستا بەخۆوە دەگرن. لەناو جەرگەی خرۆشان و راپەرینی ئیستای سەراسەری ئیران و کوردستاندا، لەناو دڵی هاتنەمەیدانی فراوان و جەماوەریدا، بزوتنەوەی کریکاری و بزوتنەوەی ژنان، بزوتنەوەی دژە ئیسلامی، سێ باڵادەسترین رەوتی نارەزایەتییەکانی ئیرانن و هەر ئەوەش ناوەرۆکی شۆرشگێرانەو و ئاییندەی جیگا ئومیدی بەسەراسەری خەڵکی ئیران و کوردستان، لە ناوخۆی ئیران و دنیای دەرەوە بەخشیوە. بێگومان هەموو بزوتنەوە و خرۆشان راپەرینێکی شۆرشگێرانە، بەسودی بزوتنەوەی شۆرشگێر و ئینسان دۆست و ئازادیخوازەکان و جەماوەری بێبەشە و هاوکات پاشەکشە بە بزوتنەوە دواکەتوو کۆنەپەرست و گریگرتەکان... دەکات. ئەوەی وای کردووە دروشم و بانگەوازی شۆرشگێرانە سایەی بکاتە سەر خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەریەکان، ریشەی لە شۆرشگێر بوون و پیشکەوتنخواز بوونی، راپەرینی ئیراندایە.

خواستی کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی رەشی جمهوری و ئاخوندەکانی ئیران، بۆتە خواست و داواکارییەکی هەمەگیر و سەراسەری لە ئیران و تەنانەت ئازادیخوازەکانی ناوچەکەش. دەسەڵاتی رەشی ئاخوندەکان تەنها مۆتەکەیەکی رەش بەسەر سەری جەماوەری کریکار و بیبەشی ئیرانەوە نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەدا کۆمەڵگەی ئیرانی کردۆتە زیندانێکی گەورە بۆ دیلکردنی ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی ئینسان، هاوکات وەکو دەسەڵاتێکی ئەختەبووتی چنگی لە دەیان وڵاتی ناوچەکە گیرکردووە و بۆتە سەرچاوەی بەهیزکردنی گروپە تیرۆریستیە ئیسلامیەکان، نائارام کردنی ئەو وڵاتانەو پیشیلکردنی ئیرادەی سیاسییان. بۆیە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی نەنگینی جمهوری ئیسلامی، هەر کۆمەڵگەی ئیران لەدەستی ئاخوندەکان رزگار ناکات، بەڵکو دەستی ئەو رژێمە لەسەر ژیان و گوزەرانی دەیان وڵاتی ناوچەکە کورت دەکاتەوە و بەکرەوە کۆسپێکی گەورە لەسەر ڕێ خەبات و تیکۆشانی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی ئەو وڵاتانە لادەبات. جیا لەوانە لەگۆڕنانی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی دەبێتە هۆی وەرچەرخانێکی گەورە لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا و پشت چۆڵ بوونی دەیان و سەدان دەسەڵاتی دیکتاتۆرو شێوە مەزهەبی و دەوڵەتی و گروپی و پاشەکشەکردن بە تیرۆریزم و رەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان، ئەمەش دەروازە بەرووی کرانەوە و ئازادییەکان و پیشکەوتنخوازی و ئینسان دۆستی و پیشرەوی لەهەموو زەمینەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەدوای خۆیدا دێنێت.

هەر بۆیە چۆن جەماوەری دیلی دەستی کۆنەپەرستی، بە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی ئاسۆی ژیانی ئازادانەو مافەکانیان و ئیرادەیان بۆ دەگەڕێتەوە، ئاواش هیز و رەوتە کۆنەپەرستەکانی بۆرژوازی لە قەومیەکانەوە بۆ دینییەکان و رەوتە تیرۆریست و دەوڵەتەکانیان، توشی پاشەکشەو و دارمان دێن و ئاسۆی داکوژانیان، دەست پێدەکات. هەر بۆیەشە بەهەموو شیوەیەک هەوڵ دەدەن ئەم بزوتنەوە شۆرشگێرانەیەی ئیستا بۆ روخاندنی جمهوری ئیسلامی، پارچە پارچە بکەن، دابڕ دابڕی بکەن، ناسنامەی قەومی و دینی و مەزهەبی بە باڵا ببڕن، لەنیوەی ریگادا رایبگرن و خەڵک بنێرنەوە بۆ ماڵەوە. جیا لەوانە ئەو حزب و هێزە بۆرژوازیانەی ئومێدیان خۆیان بە ئەمریکا و غەرب بەستۆتەوە تا دەگاتە خودی ئەمریکا و غەرب، نیگەرانن لەوەی دەسەڵایی جمهوری ئیسلامی بە ئیرادەی شۆرشگێرانەی جەماوەری و بە ئاسۆی شۆرشگێرانەوە، بە سەرئەنجام بگات، بۆیە ئەوانە هەموویان وەکو هیزی دژە شۆرشی جمهوری ئیسلامی لە مەیداندان و ئامادەی هەموو هاوکاری و پلان و مانۆرێکن تا ریزەکانی بۆرژوزی ئامادەی دوای روخاندنی رژیمی ئیران بکەن و سواری شۆرشی سەرکەوتووی جەماوەری ببن و شۆرش بدزن. ئەوان دەیانەوێت دەسەڵاتی دوبارەی سەرمایە، بەڵام ئەمجارەیان لە بەرگێکی تردا، دابسەپێنن. ئەمە مەترسیەکی گەورەیە لەبەردەم ڕاپەرین و شۆرشدا، کە پیویستە لە ئیستاوە، بەشیوەی جدی بۆ بەشکست کیشانی ئامادەیەکان ببرێتە سەرەوە.

بزوتنەوە و خرۆشان و راپەرینی ئێستای ئیران، پیویستە لەگەڵ پیشرەوی رۆژ بەرۆژ و تەنانەت سات بەساتی خۆیدا، بۆ روخاندنی دەسەڵاتی ئاخوندەکان، ئامادەیی بۆ رووبەرووبوونەوەی پلان و نەخشەکانی بۆرژوازی و لەناوخۆ و دەرەوەدا هەبێت... بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی ئیستای لەخوارەوەی جەماوەری لەگەڵ ئەوەدا لە پیشرەوی خۆیدا دەتوانێت و دەبێ دەسەڵاتی نەنگینی ئیستای سەرمایە لە ئیراندا رابماڵێت، هاوکات دەبێ ئەوە رۆشن بیت، بۆرژوازی بەهەموو رەوت و باڵ و لاباڵەکانیەوە چ لەناوخۆی ئیران و چ لەدەرەوی ئیران، هەراسان و نیگەرانی شۆرشی ئیستای جەماوەری ئیرانن. خەریکی خۆسازدان و هاوپەیمانیەتی بەستن و بەرە دروستکرنن. هەنگاوی کارا بۆ ئێستا و داهاتووی دوای روخاندنی جمهوری ئیسلامی، لە ئێستاوەو لەناو دڵی راپەرینی ئێستادا بە گرتنە بەری نەریت و شێوازی نوێ و تەبا لەگەڵ شۆرش و راپەڕینی ئیستا دەست پیدەکات. ئیستا کاتی پیکهێنانی ریکخراوە کریکاری و جەماوەری و پیشەیەکانە، کاتی ئەوەیە لەهەر شار و شارۆچکەو ناوەند و کارگەو و گەرەکێک، کە دەسەڵاتی ئاخوندەکان هەڵپێچرا، یان هاوسەنگی هیز ریگا دەدات، دەسەڵاتی جەماوەری لە رێگای دەخالەتی راستەوخۆی خەڵکەوە، لەو جێگایانە دابمەزرێت... ئەمە چ بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات و چ بۆ بیناکردنی هیزی بەرگری لەبەرامبەر پەلەقاژەی گەڕانەوەی دەسەڵاتی ئاخوندەکان، هاوکاتیش بۆ ئاشنابوونی جەماوەری بە توانایی و ئەلگۆ دەسەڵاتداریتی خۆیان، لەبەرامبەر بەهەوڵی هیزە بۆرژوازییەکان، کە ئەوانیش دەیانەوێت ئەلگۆی دەسەڵاتداریتی خۆیان و بەدیاریکراوی و لەباشترین حاڵەتدا بەرگری لە ئەلگۆی دیموکراسی بۆرژوایی، بەدەستەوە دەگرن. ئەلگۆیەک کە لەهەموو گۆشەو کەناریکی دنیادا شکستی خۆی نیشانداوە رووبەڕووە لەگەڵ نارەزایەتی جەماوەری.

بنیاتنانی دەسەڵاتی لەخوارەوەی جەماوەری لەهەر جێگا و شار و ناوەند و کارگەو گەرەکێک، و بەکورتی دامەزراندنی دەسەڵاتی پشت بەستوی جەماوەری، چ لە ئاستی ناوخۆدا ئیرادەی جەماوەری نوێنەرایەتی دەکات و لە ئاستی وڵاتانی ناوچەکەشدا، دەتوانێت پشتیوانی و هاوکاری بۆخۆی دەستەبەر بکات.

گومان لەوەدا نییە دەستبردن بۆ کۆنترۆڵی محەلات و شارەکان، بۆ جگیرکردنی دەسەڵات لەجێگای دەسەڵاتی راماڵراو و بەدەستەوە گرتنی ئەلگۆی نەریتی کۆبونەوە گشتیەکان و بنیاتنانی شوراکان بۆ پرکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات و راگەیاندنی ماف و سەنەدی دەسەڵاتداریتی و خستنەڕووی چۆنیەتی بەڕیوەبردنی کۆمەڵگە و بەرگری لە دەستکەوتەکانی شۆرش و راپەرین و سەنگەر لێدانی پتەو لەبەرامبەر بە هەوڵی و مانۆر و پلانی هیزە بۆرژوازییەکان، کە لە پشتیوانی مادی و وڵاتانی دژە شۆرشی بۆرژوازی بەهرەمەندن، کاری هوشیارانەو ریکخراو ئامانجدارانەی حزب و ڕیکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکانە.

بزوتنەوەی راماڵین و روخاندنی دەسەڵاتی ئاخوندەکان، پایە چینایەتیەکەی و خواست و داواکارییەکانی، تا دەگاتە نەریت و شیوازی خەباتەکەی، ئاسۆی زاڵ بەسەریدا... چەپی و هیزە کاراکەی چینی کریکار و جەماوەری بیبەشە، ئەمەش ماتریالی شیاو و گونجاوە بۆ زاڵکردنی ئاسۆی سۆشیالیستی بەسەر شۆرشی ئیستاو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازادی سۆشیالسیتی و هاوکات مەلزوماتی دەخالەتگەری چەپ و کۆمۆنیزمە. ئەگەر کۆمۆنیزمی پراکتیکی، ئامادەی ئەم نەبەردە نەبێت و لە ئیستاوە بەشیکی کارای نەبێت، بۆ رابەریکردن و ریکخستن و سازدان و وەڵامدانەوە بە ریگریەکانی، بەکردەوە مەیدانی نەبەردی بەردەوامی ئێستا دەسپێریت، بە بۆرژوازی و هیزەکانی، تا شۆرش بەئاقاری بەرژەوەندی خۆیان و دامەزارندنی دەسەڵاتیان بدزن...

**کۆتایی سێبتەمبەری ٢٠٢٢**

**ڕاپەڕینی ئێستای جەماوەری ئیران، لەسەر پایەی پێشرەوی و خاراوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی پیشوویدا پێی گرتووە و بەئێرە گەیشتووە. مەرگی مەهسا ئەمینی، لەناو دڵی ئەو نارەزایەتییە فراوان و بەرین و کۆمەڵایەتیەدا، بووە هۆی کڵپەسەندنی دوبارەی ئەو پشکۆ و ئاگری ژێر خۆڵەمیشەی دەیان ساڵە لە کۆمەڵگەی ئیراندا ئامادەیی هەیە...**

# درێژەی...بەڵی حجاب نەریتی ئیسلامی سیاسی و ڕەمزی کۆیلەتی ژنانە...

...حجابی ئیسلامی پرۆژەیەکە لەگەڵ ئیسلامی سیاسییدا هاتۆتە کۆمەڵگەوە و پرۆژە ئیسلامی سیاسییە. بۆئەم پرۆژەیەش سەدان کۆبونەوەو دەیان و سەدان هەزار دۆلاریان خەرج کردووە، مەراسیمیان بۆی سازداوە، کەمپەینیان بۆ وەڕێخستووە. ئەگەر حجابی ئیسلامی بژاردەی ئازادانەی ژنان و کۆمەڵگە بێت، مەراسیم و پارە سەرفکردنی بۆچییە؟



نەخێر حجاب بژاردەی ئازادانەی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا نییە، بەڵکو بژاردەی ئیسلامی سیاسیە بۆ داسەپاندنی بەسەر ژنانی کوردستاندا و سەرەتاش لە ژنانی ئەندامی حزبەکانیانەوە دەستیان پێکردووە دواتر بە کەڵک وەرگرتن لە هەژاری و نەداری، لەبەرامبەر بە کۆمەک کردنی خێزانە کەم دەرامەتەکان، حجابیان کردە سەر منالان و لە سەرەتای نەوەدەکانەوە، ئەم پرۆژەی حجابکردنی ژنانە لەلایەن یەکگرتووە وە حزبە ئیسلامیەکانەوە کاری لەسەر دەکرێت. دیارە هیچ لەوە تاوانکارانە تر نییە حجاب و جل و بەرگی ئیسلامی بکەیتە بەری منالان... ئاخر ئینسان تا تەمەنی نەگاتە سەرو ١٦ ساڵی و قانوونی، سەپاندنی هەر بیروباوەڕ و جل و بەرگێک، دەستدرێژیەکی ئاشکرایە بۆسەر ئیرادەی بالغ نەبووی منالان خۆیان و تەمەنی قانوونیان. بەجیا لە منالانیش تەنانەت گەورەکانیش کاتێک حجاب دەپۆشن، پرۆژەیەکی ئیسلامی سیاسی پەیڕەوی لێدەکەن و لەژێر گوشار و بە بەخشینی ئیمتیازاتە، نەک ئەوەی بژاردەی خۆیان بێت و بەشێک بێت لە نەریتی خۆبەخۆی کۆمەڵگە. حجاب هەر بەوهۆیە زۆر سادەیەوە کە بژاردەی ئیسلامی سیاسیە، لچکی موبڕ و سیاسیە، بژاردەی ئازادانەی ژنان خۆیان نییە...حجابی ئیسلامی ڕەمزی ئیسلامی سیاسی و نەریتی سەردانەواندی ژنانە بە بڕیاری ئیسلامیەکان، بۆیە ڕەمزی قبوڵکردنی کۆیلەتییە. هەموو ئەو ژنانەی حجاب پۆشن، ئەگەر سەر بە ئیسلامیەکانی کوردستانیش نەبن، بوونەتە کۆیلەی هەژموونی پرۆژەی ئیسلامی سیاسی کە چەندی دەیەیە بە سیستماتیک کاری لەسەر دەکەن. جل و بەرگی ئازادانەی ژنان هەمەچەشن و هەمە ڕەنگ و هەمە شێوازە، بەڵام جل و بەرگی ئیسلامی تاک چەشن و تاک شێوازە... ژنێکی گەورەساڵ کە هەرەشەی باوک و مێرد و برای لەسەر بێت بۆ پۆشینی جل و بەگ و حجابی ئیسلامی و بە غەزەبی خوا و دنیای ئەولا بترسێنرێت، بە ئاگری دۆزەخی خوای میهرەبان بتۆقێنرێت... هیچ جۆرە ئازادییەکی نەک تیانییە، بەڵکو لەڕێگای زۆرەوەیە. جل و بەرگ و حجابی ئیسلامی جۆرێکی تایبەت لە جل و بەرگ و سەرپۆشە، کە ئیسلامی سیاسی لە پشتیەتی. هەر ئەو ئیسلامیانەی حجاب دەکەنە سەر ژنان، هەر ئەوانن پێداگری لەسەر لاوازی ژن، ناقس عەقڵ بوونی ژن، چەند ژنە، لیدان و تەمی کردنی ژن و سەرجێی لێ جیاکردنەوە، بەرەسمی ناساندنی زەواجی منالانی ٩ ساڵ، بەو پێودانگەی باڵغن... تا دەگاتە بە بانگەشە ئاشکرانیان بۆ جیاکردنەوەیان لە قوتابخانەکان و تیکەڵ بوونیان لەگەڵ پیاوان و ...تاد. دەکەن و ئەوەش کۆیلەتیەکی ئاشکرایە بۆ ژنان و مافە زۆر سادەو ساکارەکانیان. دیارە هیشتا ژنان بە حجاب و مەقنەعەشەوە لای مەلاعبدالتیف و مەزهەرەکان و هەڵۆکان، هەر بەرووتی دەبینرێن و هیچ بەربەستێک بۆ نەبینی عەورەت و سنگ و مەمک و سمت و پۆزیان بوونی نییە... لەسەر و بەندی ڕاپەرینی خەڵکی ئێراندا، بۆ ڕامالێنی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی ئاخوندەکان، جیگایەک بۆ ڕەوتە ئیسلامیە سیاسیەکان ناهێڵتەوە و حجابیش وەکو جل و بەرگێکی تایبەت و سیاسی وەکو ڕەمزی ئیسلامی سیاسی و کۆیلەتی ژنان کەنار دەخرێن... هەراسانی ئیسلامیەکانی کوردستان کە بەم دوایانە بە ئاگاداری دەسەڵات لغاویان بۆ هیرش بۆسەر کۆمەڵگە و ژنان و مافەکانیان بەرەڵاکراوە، پەلەقاژەی مەرگ و دارمانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژیانە... بەکردەوەش سەلماوە هەر ئەو ئیسلامیانەی حجاب دەکەنە سەر ژنان و منالان، دوژمنی سەرسەختی سەرەتاییترین مافەکانی ئینسان و دیموکراسین!!... سکالا تۆمارکردن لەسەر کۆمۆنیستەکان و نەغەدە عوسمانەکان و سوکایەتیکردن هەرەشەکردن لە فمینستەکان و چۆمان هەردییەکان، هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی توڕدان و سوتاندنی حجابی ئیجباری، کە ژنانی ئێران لە ڕاپەرینی پڕ شکۆی خۆیاندا دەستیان بۆ بردووە.

# درێژەی...هێرش و بۆردومانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، پەلەقاژەی مەرگی دەسەڵاتی ئاخوندەکانە!!

و ...تۆپ و راجیمە درۆن ئەنجامدراوە، چەندی کەس گیانیان لەدەستداوەو بەدەیان کەس بریندار بوون و دانیشتوانی کەمپەکان و کەسوکاری هیزە ئۆپۆزسییۆنەکان ئاوارەبوون و ترس و دلە ڕاوکێ خەڵکی نزیکی ئەو ناوچانەی گرتووە و زەرو زیانێکی مادی زۆریش بە بنکەو بارەگای حزبەکان و ماڵ و موڵکی خەڵکی ناوچەکە گەیشتووە.

هیرش و پەلاماری وەحشیانەی جمهوری ئیسلامی بۆسەر بارەگاو بنکەکانی هیزەکانی



ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی چاوەڕوانکراو بوو، رژێمی ئاخوندەکانی ئیران کە خۆپێشاندان و نارەزایەتی جەماوەری و راپەرین پێی ناوەتە هەفتەی دووەمەوە بەرەو فراوانتر بوون و گەورەبوونتر دەچێت، دەسەڵاتی ئاخوندەکانی خستۆتە لەرزە. هاوسەنگی هێز بەسودی جەماوەری راپەڕیوو گۆڕاوەو تادێتیش پشتیوانی لەم راسانە جەماوەرییە لە ئاستی وڵاتانی ناوچەکەو دنیادا بەرەو سەر دەچێت،

جمهوری ئیسلامی و ئاخوندەکانی ئێران لە ڕێگای ئەو هێرشانەوە دەیانەوێت ئەو پەیامە بگەیەنن کە خۆپیشاندان و راپەڕینی جەماوەری لەناوخۆی ئێراندا، پەیوەندی بە هیزە ئۆپۆزیسیۆنە چەکدارەکانەوە هەیە و دوورە لە بزوتنەوەی راپەرینی جەماوەری کە ریشەی لە نابەرابەری ئابوری و بیکاری و گرانی و سەرکوت و بیمافی و هیرشی بێپسانەوە بۆسەر سفرەی کریکاران و خەڵکی زەحمەتکیش و ژنان و لاوان و مافە فەردی و مەدەنیەکانەوە هەیە.

ئاخوندەکانی ئیران دەیانەوێت، گۆرەپانی بەرامبەرکییەکی چینایەتی لەناوخۆی ئیراندا، کەلە لایەکەوە ئۆردوی ملیۆنی چینی کریکار و جەماوەری بیبەش و ژنان و لاوان و لەلایەکی ترەوە کەمایەتیەکی دەسەڵاتی پاریزەی سەرمایەو ئاخوندەکان، شانۆی کۆمەڵگەی ئێرانی داگرتووە، و بەرەو هەڵکشان دەچێت، بەلاواز و ئاژاوەی دوژمنانی ئیسلام نیشان بدەن و سەرنجی دنیا لە ناوخۆی ئیران بگوازنەوە بۆ سەر سنورەکان و ململانێیان لەگەڵ هیزە کوردییە چەکدارەکان.

بۆ چینی کرێکار و جەماوەری بیبەش و ژنانی راساو بۆ تۆڵەکردنەوە لەدەسەڵاتی زیاتر لە ٤ دەهەی ئیسلامی سیاسی و ئاخوندەکان، وەکو ڕەمزی گەورەترین بیمافی سەرکوت و نابەرابەری لە دنیا ئەمڕۆدا، رۆشنە... جەنگی واقعی و بەرامبەرکیی راستەوخۆ، لە ناو کۆمەڵگەی ئیراندا کڵپەی سەندووە و ریشەی لە بیمافی و سەرکوت و نەبوونی و هەژاری و بیکاری و ملهوری دەسەڵاتی ئاخوندەکانی پاریزەری سەرمایەدایە...

هیرش و پەلاماری وەحشیانە بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی، جێگای ئیدانەی جەماوەری ڕاپەریووی ئیران و کوردستان و هەموو حزب ولایەنێکی سیاسی و جەماوەری و ئازادیخوازە، و پێویستە بەهەموو شیوەیەک لەلایەن خەڵکی کوردستانی عێراق و خەڵکی ناوچەکەوە هاوکاری بکرێن و دەسەڵاتی سیاسیش، ڕێ و شوێنی خیرا بۆ پاراستنی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیران و بنکەو بارەگاکانیان بگرێتە ئەستۆ. هەروەها دەبێ بزانین کە ئەم هیرشانەی جمهوری ئیسلامی بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی، هاوکات هیرشە بۆسەر خەڵکی هەرێمی کوردستان و پیشیلکارییەکی ئاشکراو ژێرپیخستنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستانە و دەبێ بەروویدا بوەستنەوە.

ئەم هیرشابە ناتوانێت راستی جەنگی چینایەتی ئیستای ئیران بشاریتەوە لە راستای روخاندن و رماندنی دەسەڵاتی رەشی ئیسلامی، کە نەک هەر بۆتە مۆتەکەی سەر ژیان و گوزەرانی دەیان ملیۆنی ئینسانی ئیرانی، بەڵکو بۆتە مۆتەکەی سەر ژیان و گوزەرانی سەدان ملیۆنی ئینسانی تر لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.


ئەم هیرش و پەلامارانەش کە پیشبینی دەکرێت بەردەوام بن و زیاد بکەن و شێوەی تر بگرنە خۆ، چ لەدەرەوەی ئیران و سەرسنورەکان و چ لەناوخۆی ئیراندا، نیشانەی لاوازی و داماوییە لەبەرامبەر بە راپەرینی ملیۆنی خەڵکی ئیراندا و پەلەقاژەی مەرگە.

**ئازادیی بێقەیدوشەرتی هەڵبژاردن و پۆشینی جلوبەرگ، هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە قەیدوبەندێکی فەرمی یان نافەرمی لەسەر شێواز و چۆنێتی جلوبەرگی خەڵکی، چ ژن چ پیاو، لە شوێنە گشتیەکاندا، قەدەغەکردنی هەرجۆرە جیاکاریەك یان سنووردانانێك بۆ تاکەکان لەسەر بناغەی جلوبەرگ و پۆشاکیان.**



# یەکەم کتێب کە من نووسیم

نووسینی: عامر سابیر



لە ئەمریکادا لە دوای ساڵی 2011 ەوە خەباتی کرێکاران و بزووتنەوەی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی سەری دەرهێناوەتەوە و چۆتە قۆناغێکی نوێوە. لەم ساڵانەدا کەم زانکۆی ئەمریکی و ئینستیتیوت و ڕێکخراو هەیە کە دیبەیت و پانێڵ ڕێک نەخات لەسەر ئەوەی کە ئایا بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگ eسیستەمی سۆشیالیستی یا سەرمایەداری پەسەندترە؟ (لە خوارەوە لینکی دوو لەو دیبەیتانە دانراوە کە ڕیچارد وۆڵف تیایدا بەشداربووە).

لەم دیبەیتانەدا کە سەرمایەداران و ئەکادیمیستانی بۆرژوازی بێ وەڵام دەمێننەوە لەبەرانبەر مارکسیست و چەپەکاندا، هانا بۆ درۆیەکی پوچ و گەورەی بۆرژرازی ئەبەن و ئەڵێن لە سایەی سۆشیالیزمدا بە سەدان هەزار کوژراون و لە برسا مردوون بۆیە سەرمایەداری باشترە!

وەڵامی پرۆفیسۆر ڕیچارد وۆڵف، کە مارکسیست و بەرگریکارێکی بەتوانای سۆشیالیستە، کە لە چەندین دیبەیتدا بەشداری کردووە، بەم جۆرەی خوارەوەیە:

چەندە ئارگیومێنتێکی سەیر و پوچە کە کوشتن و لەبرسا مردن بدەیتە پاڵ کۆمەڵگەی سۆشیالیستی. ئەم دیاردە سەرنجڕاکێشە تەنها لە کەڵچەری ئیمەدا لە ئەمریکادا هەیە، کە ژمارەی برسیەکان و مردووەکان بژمێری بۆ ئارگیومێنت کردن.

باشە با بزانین مێژووی سەرمایەداری چیمان پێدەڵێ لەم ڕاستایەدا. دوو لە خراپترین شەڕەکان لە مێژووی بەشەرییەتدا، کە شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی بوو، بەرهەمی سیستەمی سەرمایەداری بوو. ئایا وا نییە؟ چوارسەد ساڵی کۆلۆنیالێزم کە دوو لەسەر سێی جیهانی خاپور کرد، بەرهەمی کەڵەکەکردن و پێشبڕکێی سیستەمی سەرمایەداری بوو. ئایا وا نییە؟ ئایا ئەو عەقڵییەتە سەیر و گەمژانەیە چییە کە چەند نمونەیەک لێرە و لەوێ بهێنێتەوە کە لەپێش هەمووکەسدا کرێکارانی سۆشیالیست خۆیان ڕەخنەیان لێگرتووە و دانیپادانراوە کە هەڵە و ترسناک بوونە و شایانی ڕەخنەیە، بەڵام بە بەراورد بەو هەموو کوشتارگایەی کە لەسایەی سەرمایەداریدا ڕوویداوە، هەرگیز قابیلی بەراورد نییە.

یەکەم کتێب کە من نووسیم لە ساڵی 1974دا بوو کە لە لایەن زانکۆی (یەیڵ) ەوە بڵاوکرایەوە. کە تێزی یەکێک لە ماستەر نامەکانم بوو. بە ناونیشانی (ئیقتیسادی کۆلۆنیاڵیزم، بەریتانیا و کینیا، 1870-1930). کە تیایدا دراسەی ئەوەم کردووە کە بەریتانیا چیکردووە لە کینیادا. کاتێک بەریتانیا چووە کینیاوە، East Africa Protectorateدامەزراند.

لە ساڵی 1895 دا سەرژمێرییەکی دانیشتوانیان کرد، کە 4 ملیۆن کەس بوو.



وە لە ساڵی 1930دا لەو کاتەدا کە گرانی گەورە (گرەیت دیپرێشن) ڕوویدا سەرژمێرییەکی تریان کرد، ژمارەی دانیشتوان 2.5 ملیۆن بوو. ببینن کە چۆن کۆلۆنیاڵیزمی بەریتانی بە ملیۆنان کەسی کوشتووە، تەنها لە وڵاتێکی بچووکی وەک کینیادا. وەرە ئەمە زەربی نزیک بە 400 ساڵی سەرمایەداری و کۆلۆنیاڵیزم بکەو کوشتارگاکانیان لەهەموو وڵاتانی جیهان کۆبکەرەوە، بزانە چەند سەد ملیۆن کەس ئەکات کە سەرمایەداری کوشتوونی، ئەمە سەرەڕای ئەو ڕوتانەوە و دزی و برسێتییەی لەسایەیاندا ڕوویداوە.

ئەگەر تۆ ئەتەوێ بە شیکاری ژمارەی کوژراوەکان هێرش بکەنە سەر سۆسیالیزم، کە زۆر سەیرە لە لام. ئەوا ئیوە لە مەقعییەتێکی لاواز و نزمدان تا بەمە هێرش بکەنە سەر سۆشیالیزم و سەرمایەداری بە باشتر بزانن.

ببینن، لە دوو شەڕی گەورەی جیهانی کە سەرمایەداری خوڵقاندی و بەرهەمی ئەم سیستەمەن. قوربانییەکانی دەیان ملیۆن کوژراو و برسێتی و ماڵوێرانی بووە. کە ئەم دوو شەڕە جیهانییە هیچ پەیوەندی بە سۆشیالیزمەوە نەبووە. لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا هیچ شتێک هەر بەناوی سۆشیالیزمەوە وجودی نەبووە. وە لە شەڕی دووەمی جیهانیدا ئەو وڵاتەی بەناوی سۆشیالیستییەوە هەبوو کە یەکێتی سۆڤییەت بوو، قوربانی هێڕشی نازییەکان بوو بۆسەر وڵاتەکەیان کە گەورەترین زیان و قوربانی و ماڵوێرانیەکان بەسەر ئەواندا هات و زۆربەی کوژراوەکانی جەنگی جیهانی دووەم لەوان کەوت. سەیری سێ دەیەی ڕابردووی جیهان بکەن، کە سەرمایەداری جاڕی مەرگی سۆشیالیزمی تیادا لێدا، بزانن هیچ کیشوەرێکی دنیا هەیە کە شەڕ و ماڵوێرانی و برسییەتی باڵی بەسەردا نەکێشابێ لە سایەی سەرمایەداریدا.

ئەمەی سەرەوە بەشێکە لە وەڵامی ڕیچارد وۆڵف (مارکسیست و پرۆفیسۆری ئیکۆنۆمی) لە وەڵام بەو سەرمایەدارەی (جین ئیپستین) کە لە 5/11/2019 لە هۆڵی سۆهۆ لە نیویۆرک دیبەیتیکیان کرد لەژێر ناونیشانی ئایا سۆشیالیزم یان سەرمایەداری شیاوترە. وە هەمان مەسەلە هینرایە پێشەوە لە دیبەیتێکی تردا کە لە نێوان پرۆفیسۆر (وۆڵف و برووک) دا ئەنجامدرا لە 01/07/2021 دا.

https://www.youtube.com/watch?v=YJQSuUZdcV4

https://www.youtube.com/watch?v=6FwT6qMLjeg

# پەیام بۆ خەڵکی ڕاپەریوی ئێران



ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازو ئازادیخواز، لاوان و کرێکاران، زەحمەتکێشان و خەڵکی بەشمەینەتی ئێران، ئێوە دیارە هەم خۆتان لە شۆڕشی ئێراندا لە ١٩٧٩ بەشدار بوون، یان ئەوانەتان کە لاون یان بەشدار نەبوون لەو راپەرینەدا خۆ مێژوەکەیتان خوێندۆتەوە، یان باوک و دایکتان ئەو مێژوویان بۆ باس کردون، کە کێ ئەم خرۆشانەی ئەنجامداو کێ کاراکتەری مەیدان بوو .خۆشباوەڕیتان بەئەمریکاو ناسیونالیستەکانی کورد نەبێ.

خومەینی و دارودەستەکەی هەر ئەمریکا بوو لە ئەورووپاوە هێنایەوە ئێران و پشتیوانیان لێکرد، تا دواجار شۆرشی ئێرانی لەناوبردو ئەمرۆ ئەم تاقمە ئاخوندە خوێنڕێژە کە ٤٣ ساڵە ئینسانەکان لە سێدارە دەدات و دەکوژێت، ژنان ئەشکەنجە دەکات و لەسەر پۆشینی حیجاب مەهسا ئەمینیەکان دەکوژێت.

هەموو ئەوانەتان لەبیرەو مێژووی خوێناوی ئاخوندەکانتان بیر ماوە. خەڵکی ئازادیخوازی ئێران یەک دەنگ و یەک دەست وەرنە مەیدان و لەدەوری یەکترکۆببنەوە و خۆپیشاندانی سەراسەری بەرێ بخەن. ڕوخانی جمهوری ئیسلامی ئێران بەهێزی جەماوەری بەرین و سەراسەری لەناو دەچێت.

تەوەهومتان نەبێ بە ناسیونالیزمی فارس و کورد، ئەوانە بۆ مەوقعیەتی جوگرافیای خۆیان کار دەکەن تا ناوچەیەک بۆ خۆیان قۆرغ بکەن و دواجار لەحکومەتی ئایندەی ئێراندا شەریکە بەش بن. ناسیونالیستەکانی کورد بەکوردایەتی و زوڵمی قەومیەوە سەرمەستان نەکەن. لەوە تێ دەگەم جمهوری ئیسلامی ئێران رژێمێکی فاشستی ئیسلامیە، لەوە تێ دەگەم ئەم ڕژێمە گوێی بەهیچ نەداوە، تەنها موخالفی ئەو رژێمە بیت ئیتر کوژراوی یان لە زیندانی کراوی یان لەسێدارە دراوی.

هەموو ئەوانەی باسم کردن حەقیقەتن، بەڵام کوردایەتی زوڵمی قەومی وەک خەڵکی کوردستان سەرمەستان نەکات. خۆ دەبینن و دەبیستن خەڵکی کوردستان ٣١ ساڵە بەدەستی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردیەوە چ بەڵایەکی بەسەردا هاتووە. لە خەڵکی کوردستانی عێراقەوە دەرس و تەجروبە وەربگرن و خۆشباوەڕیتان بەکوردایەتی بزوتنەوەکەی نەبێ. خەڵکی کوردستانی عێراق بەهۆی ئەوەی ستەمی میللی لەسەر بوو لەلایەن حکومەتی بەعسەوە، ئەمە هۆکار بوو ناسیونالیزمی کوردی بەهێز بێت و خۆشباوەری بەم هێزانە هەبێ. لەدوای راپەرینی خەڵکی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٩١وە کۆمۆنیستەکان چەپ و بزوتنەوەی شوراکان، ماهیەتی ناسیونالیزمی کوردیان بەخەڵک دەناساندو ئەوکاتە شوراکان هێز بوون.

بەڵام ناسیونالیزمی کورد لە چەوسانەوەی میللی کەڵکی لە ناسیونالیزمی سەرکوتگەری بەعس وەرگرتبوو کە دڕندەیی بەعس وا کردبوو بێجگە لە خۆشباوەڕی بەکوردایەتی هیچی دیکەی نەدەبینی. هەر بۆیە بەشیعارو دروشمی کۆمۆنیستەکان و شوراکان و چەپەکان سەغڵەت بوون و ڕاگەیاندنی ناسیونالیزمی کوردیش هەمیشە تەبلیغاتی لەدژی شوراکان و چەپ و کۆمۆنیستەکان دەکرد، تا رۆژمان بەم رۆژە گەیشت کە هەموومان ئەوە بە چاوی خۆمان دەبینین کە لەسایەی دەسەڵاتی کوردایەتیدا چ دەگوزەرێت لەکوردستانی عێراقدا.

خۆ بیرتانە لەدوای شۆرشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا ناسیونالیستەکان کورد لەئێران چ ژەهراوێکیان دەرشت لە دژی کۆمەڵەو کۆمۆنیستەکان و دوا جاریش شەڕ بەرۆکی گرتن. ناسیونالیستەکانی کورد لەئێراندا دیفاعیان لە ئاغاو دەرەبەگ و سەرمایەدارەکان دەکرد.

لەکوردستانی عێراقیشدا کەم ڕۆژ نەبوو یەخەی کۆمۆنیستەکان نەگیرێت لەلایەن ئەحزابی ناسیونالیستی کوردەوە، کە زۆرجار ئەم شەڕەشی بە رەوتی ئیسلامی سیاسی تیرۆریست دەکرد لەدژی کۆمۆنیستەکان و ئاخوندەکانی کوردستانی عێراقی لە مزگەوتەکانەوە هاندەدا لە دژی کۆمۆنیستەکان و دواجاریش لە ١٤ی تەموزی ساڵی ٢٠٠٠دا سەرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەفیتی ئێران و نۆکەرایەتیەکەیان بۆ ئێران سەلماندو پێنج کادری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراقیان لە خوێن هەڵکێشا کە یەکێک لەو کادرانە کادری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئێران بوو.

ئەم مێژووە خوێناویەتان بیر بێت و خۆشباوەریتان بەکوردایەتی وناسیونالیزم نەبێ. لەدەوری کۆمۆنیستەکان کۆببنەوە، سەفی رێکخراویتان توندوتۆڵ بکەن. مەچنە بەرەی کۆنەپەرستی و دواکەوتوییەوە. ئەرکی کۆمۆنیستەکانی ئێرانشە لەسەراسەری ئێراندا پێشرەوی ئەم حەرەکەتە بکەن و لەڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندانەکاندا بن. جڵەوی ئەم حەرەکەتە نارەزایەتیە ئێوە بیگرنە دەست.

دەورو نەخشی کۆمۆنیستەکان و خەڵکی ئازادیخوازو مرۆڤدۆست دەتوانێ ئایندەیەکی گەش و ئازاد و بەرابەر بۆ خەڵکی ئێران مسۆگەر بکات. کاراکتەری مەیدان بن و بتوانن پێشرەوی ئەم حەرەکەتە نارەزایەتیە بن. ئەگەر ئێوە پەرچەمی ئەم نارەزایەتیانە بەرز نەکەنەوە ئەوە ناسیونالیزم وەک کوردستانی عێراق هەمان بەڵا بەسەر خەڵکی ئێراندا دەهێنێت. تەنهاو تەنها کۆمۆنیستەکانن لەئێراندا دەتوانن ئیرادەو ئومێدی ژیانێکی ئازادو خۆشگوزەران بۆ خەڵک بەدی بهێنن. خەڵکی ئێران پێوستیان بە هێزی کۆمۆنیستەکان هەیە کە ئایندەیەکی گەشیان بۆ بەدی بهێنێت.

دەسا خەڵکی ناڕازی و ئازادیخوازو ژنان پیاوان و لاوان مامۆستایان و خەڵکی زەحمەتکێش لەدەوری ڕابەرانی کرێکاران زەحمەتکێشان کۆمۆنیستەکان کۆببنەوە. خەڵکی ئازادیخوازی ئێران ڕوخانی جمهوری ئیسلامی ئێران بەندە بە خۆپیشاندانی سەراسەری یەکگرتووی خۆتانەوە. ئەگەر ئەم جارەش ئەو حکومەتە هارو دڕندەیە نەڕوخێ خۆ پایەکانی لەق دەبن، دواجار ئەو ڕژێمە هەر سەرنگوم دەبێت.

**سەرکەوتوبێت خەباتی جەماوەری راپەڕیوی ئێران...**

**ڕۆژ عەزیز**

## پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# نەغەدە عوسمان" کچەکەی کەژاڵ"، وەلام بەپرسی رۆژی ژمارە دەداتەوە...



پرسی ڕۆژ/ بەڕێز نەغەدە عوسمان ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بەمجۆرە وەڵامی پرسی ئەم ژمارەیەی داینەوە.

ژیان لەدەستدانی مەهسا ئەمینی( ژینا) ی ٢٢ ساڵ لەژێر ئەشکەنجەی پۆلیسی ئەخلاق لە ئێران، دوای ئەوەی تاوانبارکرابوو بە دانەپۆشینی مووی سەری بەشێوەیەکی تەواو. ئەم ڕووداوە نارەزایەتی و خۆپیشاندانی لەناوەوەی ئێران لێکەوتەوە و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، هەروەها لە ناوچەکە و لە جیهانیش دەنگی داوەتەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پشتیوانی جیهانی لەهەڵکشاندایە. بۆیە لە کوردستانیش پشتیوانی زۆر بۆئەو بزووتنەوەیە بەتایبەت دژ بە حیجابی بەزۆرەملێ لەهەڵکشاندایە لەلایەن ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز.

لە دیمانیەکی تەلەفزیۆنی کات پرێس لەگەڵ چالاکوانی ژنان لە سلێمانی بەڕێز (نەغەدە عوسمان) دا ئاماژەکراوە بەپشتیوانی ئێوە لەو بزووتنەوەیەی کەئێستا لەئێران بەردەوامە بۆ لابردنی حیجابی بەزۆر. دوای ئەم چاوپێکەوتنەی تۆ بەپێی پەیجی کات پرێس ئێوە سکالاّتان لەسەرتۆمارکراوە لە دادگای سلێمانی لەلایەن پەلەمانتارێکی کۆمەڵی دادگەری بەناوی "مونیرە عەبدوالعزیز" ەوە کە گوایە ئێوە سوکایەتیتان بە ئیسلام کردووە.

دەتوانن زۆرتر ڕاستی ئەو پرسە ڕوون بکەنەوە؟ ئەگەر سکالاّ کراوە هۆکاری پشتی ئەم سکالاّیە بەرای ئێوە چییە؟ ئێوە و ژنانی دیکە و پیاو و ژنانی ئازادیخواز دەبێ هەڵوێستیان چۆن بێت لەبەرامبەر کوشتنی ژینای لاو لە سەرداپۆشینی موی سەر( حجاب)؟

بۆپێشەوە: ئاماژەکراوە بە پشتیوانی ئێوە لەو بزوتنەوەیەی کە ئێستا لەئێران بەردەوامە بۆ لابردنی حیجابی زۆرەملێ؟

نەغەدە عوسمان: ئێمە وەك کۆمیتەی سلێمانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەشداریمان کرد، لەو کۆبونەوەیەی لە لایەن چەند ڕێکخراوێکەوە سازکرابوو لەبەردەم باخی گشتیدا، لەو کۆبونەوەیەدا حیزب بەیاننامەیەکی ئامادەکردبوو دژ بە کوشتنی مەهسا ئەمینی، لەسەر حیجاب و پشتیوانی لەو نارەزایەتیە گەورەیەی کە نزیکەی دوو هەفتەیە تەواوی ئێرانی گرتۆتەوە دژ بە حیجابی زۆرەملێ و کوشتنی مەهسا.

کاتێك ئێمە بەیاننامەیەك ڕووبەخەڵك دەخوێنینەوە ناوەڕۆکەکەی دژ بە کوشتنی ژنان و حیجابە، ئیتر ئەمە بەسە بۆ سەرانی ئەحزابی ئیسلامی سیاسی دڵگران بن و بکەونە بەرامبەر کەسێك کە دژایەتی سیاسەتی کۆنەپەرستانەیان بکات.

بۆ پێشەوە: ئایا ئێوە سکالاّتان لەسەر تۆمارکراوە وەك لە میدیاکانەوە دەبیسترێت؟ بەتایبەتی لەلایەن "مونیرە علی عبدولعزیز" ەوە کە گوایە سوکایەتیتان بە ئیسلام و بە حیجاب کردبێت؟

نەغەدە عوسمان: بەڵێ ئاگادارین کە سکالاّ لەلایەن ناوبراوەوە کراوە لە میدیاکان و سایتەکانەوە بڵاّبووەوە لەگەڵ لێدوانەکەی مونیرە علی، بەلاّم شتێکی فەرمیمان پێنەگەیشتوە .

بۆپێشەوە: ئایا دەتوانن زۆرتر ڕاستی ئەو پرسە ڕوون بکەنەوە؟ ئەگەر سکالاّ کراوە هۆکاری پشتی ئەم سکالاّیە بەڕای ئێوە چییە؟

نەغەدە عوسمان: نارەزایەتی و بزوتنەوەیەك بەرامبەر حیجابی زۆرەملێ بەرێکەوتوە، پاشەکشەی گەورە بە کۆماری ئیسلامی ئێران و ئیسلامی سیاسی دەکات، ئێران ئەو قەلاّ پتەوەیە کە هەموو هێزە ئیسلامیەکانی لەدەوری سیاسەتی خۆی کۆکردۆتەوە بەپێی سیاسەتی ( پانی ئیسلامیزم)، لەهەمان کاتدا هەمویان دەپارێزێ، هەر بۆیە ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە خەتەردا بێت ئیتر ئەوانیش پەلو پۆیان دەشکێت، هەروەها نارەزایەتیەکان پاشەکشە بەو کۆنەپەرستیە دەکەن کە ماوەی ٤٠ ساڵە سەپاندوویانە بەسەر تەواوی ناوچەکەدا، ئەمەش خەباتی ئێمە چەند هەنگاوێك دەباتە پێش، وە هەلومەرجێك دێتە مەیدان کە ڕێگا ئاوەلاّ دەکاتەوە لەبەردەم دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازادو یەکسان.

سەرکەوتنی ئەم نارەزایەتیە دەمانباتە سەر ڕێگای هەنگاوی جدی بۆ دامەزراندنی سۆشیالیزم، چونکە زۆر بە ئاشکرا لەناو خەڵکی نارزیدا شیعاری بژی سۆشیالیزم بەرز دەکرێتەوە، بەبێ بوەنی هیچ حیزبێکی کۆمۆنیستی لە مەیدانی نارەزایەتیەکاندا.

بۆپێشەوە: ئێوەو ژنانی دیکە و پیاوان و ژنانی ئازادیخواز دەبێ هەڵوێستان چۆن بێت بەرامبەر کوشتنی ژینای لاو لەسەر داپۆشینی موی سەر (حیجاب)؟

نەغەدە عوسمان: ئێمە وەك ژنان و پیاوانی ئازادیخواز هەڵوێستی توند و ڕۆشنمان هەیە بەرامبەر حیجابی زۆرەملێ. بۆمەرگی ژینای لاو ئێمە تەواوی تورەیی خۆمان لەبەردەم کەناڵەکان و ئامادەبواندا دەربڕیو وە پەیمانماندا هاوپشت و سەرخەری ئەو نارەزایەتیە گەورەیەبین بێ وەستان، بەشداریکردن و بەیاننامەکەمان لەو گردبونەوەیەدا بوە هۆکاری دڵتەنگی و بێزاری ئەندامانی ئەحزابی ئیسلامی سیاسی. لەگەڵ بەردەوامی نارەزایەتیەکان ئێمەش هەنگاوی گەورەترو پشتگیری زیاترمان دەبێ بۆ ئەو خرۆشانە پڕ شکۆیەی خەڵکی ئێران. هەڵوێست و نارەزایەتیەکانی خۆمان بەبەشێك لە نارەزایەتیەکانی دانیشتوانی ئێران دەبینین بۆ ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئیسلامی سیاسی.

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!


بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالاّنی دەسەلاّت و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

# ئیسلامی سیاسی چ یارییەکی نەزۆک دەکات لە کوردستان!



**نووسینی: عوسمان محەمەد**

ئەوە زیاتر لە (٣١) ساڵە بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی لە کوردستان دەسەڵاتدارە، ئەم دەسەڵاتە هەرچی دەردەسەری و نەگبەتی و برسێتی و بێکاری و ڕەشەکوژی و ماڵوێرانی و هتد.... نەماوە بەسەر خەڵکیدا نەهێنێ، هەلومەرجێکی وای دروستکردووە کە سۆز و عاتیفەی ئینسانی بەدەگمەن بەدی ئەکرێ، تا ئێرە مەسەلەکان زۆر سەیرو عەجایەب نییە، بەڵام ئەوەی کە زۆر سەیرو عەجایەبە ئەوەیە ئیسلامی سیاسی بەدرێژایی ئەم دەسەڵاتە شەریکە بەشی پارتی و یەکێتی بووە..!

وەکو برا گەورەو برا بچووک کێکەکەیان دابەشکردووە، هەتا ئەم ساڵانەی دوایی لە هەشت کابینەی وەزاریدا بەشداربوونە، تائێستا هیچ ڕەخنەیەکی ڕیشەییان لە دەسەڵاتی ناسیۆنالیزم نەبووە لەملاو ئەولا ڕەخنەیان لە لق و پۆپی دەسەڵات گرتووە، بەڵام ئەوان بوونەتە لەمپەر لەبەردەم تیری ڕەخنەی خەڵکی کوردستان لە دەسەڵاتی ناسیۆنالیزم، بەهەموو توانایانەوە لەپشتی ئەو دەسەڵاتە بوونە، بەڵام ئێستا کە گلۆڵەی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزم کەوتۆتە لێژی لە کابینەی (٩) دا ئەوان ڕەخنە ئەگرن، ئەترسن بەر شاڵاوی نارەزایەتی خەڵک بکەون و لوشیان بدات، بۆیە تۆزێ ڕەخنەی جددی ئەگرن هەموو ڕەخنەکانیشیان لەوەیە کە ئەم دەسەڵاتە دزو گەندەڵە، نەک ڕەخنەیەک لەکۆی سیستەمەکە.

بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەیەوێ بەرگی عەلمانیەت بکاتە بەری ناسیۆنالیزم، لە کوردستان سێ بزووتنەوەی سیاسی زۆر شەفافانە کاروکردەوەی ڕۆژانە ئەنجام ئەدەن هەر بزوتنەوەیەک لەهەوڵی ئەوەدایە زۆرترینی خەڵک بەدوای سیاسەتەکانی خۆیدا گردو کۆ بکاتەوە،

١-بزوتنەوەی ناسیۆنالزمی کوردی

٢-بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی

٣-بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری

ئەم سێ بزوتنەوەیە لە هەموو ڕویەکەوە جیاوازیان هەیە لە مەیدانی سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری بۆ هەر یەکێک لەمانە تاکتیک و ستراتیژی جیاوازیان هەیە، بەهیچ جۆرێک ناتوای بڵێی سونەت و کاروکردەوەیان نزیکایەتی هەیە، بەڵام شتێک کەسەیرە لێرەدا ئەوەیە کە ئیسلامی سیاسی ئەیەوێ کە ناسیۆنالیزم وەکو ڕەوتێکی علمانی لەقەڵەم بدات ئەمەش مێژوویەکە کە ئەم دهۆڵە لێ ئەدەن. ئایا ئیسلامی سیاسی لەئەنجامی تێنەگەیشتنایەنە لە ڕێباز و بیروبۆچوونی عەلمانیەت، یاخود کارێکی دروستکراو و بەئەنقەستە.

بەڕۆشنی دیارە کە کارەکەیان دروستکراو و بەئەنقەستە، چونکە زۆربەی وڵاتانی جیهان پەیڕەوی لە ڕێبازی عەلمانیەت ئەکەن بۆیە ناکرێ ئەمان بەڕێڕەوی سیاسەتی کۆمەڵاتی ئەم وڵاتانە ئاشنا نەبن، وەک هەموو لایەک ئەزانن عەلمانیەت ڕەوتێکی سیاسی کۆمەڵایەتی زۆر ڕۆشنە کە زیاتر لە (٢٠٠) ساڵە زۆرێک لە وڵاتەکانی جیهان پیادەی ئەکەن، ئەویش جیاکردنەوەی دینە لە دەوڵەت و لەپەروەردەو فێرکردن و یاساکان، بەواتایەکی تر نابێ دین لەکاروباری سیاسی وڵاتدا خۆی تێوەگلێنێ، هەروەها نابێ دەقە دینیەکان وەک وانەیەکی تایبەت لە قوتابخانەکاندا وجوودی هەبێ، و نابی دین وەکو بنەماو سەرجاوەی یاساکان کەڵکی بەکاردبێت، و نابێ هیچ مرۆڤێکی خوار هەژدە ساڵ بیروبۆچوونە دینیەکان فەرزکرێ بەسەریدا هەموو ئینسانێ ئەبێ ئازادبێ تا تەمەنی ئەگاتە سەروی هەژدە ساڵ، دوای ئەو تەمەنە کە ئینسانێکی کامڵە ئەتوانێ هەڵبژاردەی خۆی بکات چی پێ باشە با هەڵیبژێرێ،

ئایا ئەو فورمانەی کە باسمان کرد لە (٣١) ساڵی ڕابردوودا لە بەرنامەی سیاسی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کوردیدا پەیڕەو کراوە، تەنانەت یەک خاڵیش لەو خاڵانەی سەرەوە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمدا لەکوردستان نەپەیڕەوی لێ کراوە نە خراوەتە دەستوری کاریانەوە،

ئەم ڕەوتە ئیسلامیانە هەرخۆیان بەدرێژای دەسەڵاتی ناسیۆنالیزم بەشداری دەسەڵاتیان کردووە ئەگەر ئەوانە عەلمانی بوونایە ئێوە چۆن توانیتان بەشداری دەسەڵاتەکەیان بن،

خەڵکی کوردستان ئێوە بەشەریکە بەشی دەسەڵات و کاروکردەوە تاوانەکانیان ئەزانن، ئێوە ئەتانەوێ گا بکەن بەکۆڵانداو کەس پێتان نەزانێ.....!!!؟

لەلایەکەوە بەشە کێکی خۆتان ببەن و لایەکی ترەوە بەرگی عەلمانیەت بکەن بەبەریاندا، بەم کردەوەتان ئەتانەوێ خۆڵ بکەن بەچاوی خەڵکداو بەلاڕێیان بەرن، خەڵک لەوە هۆشیارترەو ئەزانن کەئەم کارە دوو فلیقانەیە ئێوە ئەیکەن کارێکی قێزەونە، ئەتانەوێ لەگەڵ دەسەڵات بکوژو ببڕن و لەگەڵ خەڵکدا شیوەن بکەن، زۆربەی خەڵکی کوردستان ئەزانن کە ئێوەی ئیسلامی سیاسی و ناسیۆنالیزمی کوردی لەیەک سەرچاوە ئاو ئەخۆنەوە.

ئەوەی کە ئەتانەوێ ناسیۆنالیزم وەک علمانیەت بناسێنن، ئەتانەوێ هەرچی کاروکردەوەی دژی ئینسانی و بێکاری و برسێتی و تیرۆر و ڕەشەکوژی دەسەڵاتی ناسیۆنالیستە بخەنە پاڵ ڕەوتە عەلمانیەکان، ئەم بەیت و باڵۆرەیەش زیاتر لە (٣٠) ساڵە لێئەدەن، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیووە لەناو بەشێکی کەمی کۆمەڵگەدا جێی خۆی بکاتەوە، چونکە دەسەڵاتی کوردی واتا یەکێتی و پارتی، یەک سەرکردەی پارتی نییە کە پرەنسیب و بەرنامەو کارکردی عەلمانیەتی پێ قبوڵ بێ، ئەمەش زۆر ڕۆشنە لای خەڵکی کوردستان ئەوەندەی بە یەکێتی ئەگەڕێتەوە لەسەرەتاوە هەندێ تەموو مژ هەبوو لەسەر ئەوە کە عەناسر هەیە لەناو یەکێتیدا خۆی بە عەلمانی ئەزانێ بەڵام هیچ کاتێ وەک بەرنامەو سیاسەت پەیڕەویان لێ نەئەکرد، مەلا بەختیار یەکێتی بوو لەو سەرکردانەی یەکێتی کەلەناوخۆی یەکێتیدا بە عەلمانیەت لە قەڵەم ئەدرا، بەڵام ئەم مشتومڕانەی کە خۆی و بافڵ کردیان دەستی بەتەواوی کەشف بوو ئەو خۆشباوەڕییەی ناوخۆیان ڕەوییەوەو دەستیان لێ شۆری، بەدرێژایی (٣٠) ساڵی ڕابردوو هەوڵێکی بێوچانتاندا بۆئەوەی بەرگی عەلمانیەت بەباڵای ناسیۆنالیزمدا بکەن، بەڵام ڕێسەکەتان جارێکی تر لێبویەوە بە خوری، ئێوە ئەوانەتان وا لەبەرنامەو سیاسەت بەمانای ناکۆکی چینایەتی تێگەیشتوون پێتانوایە کەسێک ئیسلامی نەبوو ئەبێ عەلمانی بێ، تەنانەت ڕیزەکانی خۆشتان وا ڕاهاوردووە، بەڵام ئەمە بیروبۆچوونێکی زۆر هەڵەیەو لەگەڵ دنیای سیاسی ڕۆشنبیری ئێستا ناکۆکە ئێمەی کۆمۆنیستەکان خەبات ئەکەین لەپێناوی ئازادی و یەکسانی حوکمەتی کرێکاری، بەواتا بۆ دونیایەکی ئازادو یەکسان. ناسیۆنالیستەکان هەوڵ ئەدەن بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی نەتەوە دابمەزرێنن و ناکۆکی چینایەتی درێژە پێبدەن بەچەوسانەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان، ئێوەی ئیسلامی سیاسی ئەتانەوێ دەوڵەتێکی ئیسلامی دروستبکەن و مێژووی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی (١٤٠٠) ساڵ پێش ئێستا زیندوو بکەنەوەو بەزۆری شمشێر فەرزی بکەن بەسەر خەڵکداو ئافرەتان لەسەرکار دەرکەن و ڕەوانەی ماڵەوەی بکەن و وەکو کالا بۆ خزمەتی پیاوان بەکاریان بێنن، ئەمانەو چەندین بزوتنەوەی سیاسی تر لەکۆمەڵگەدا وجوودیان هەیە کە نە عەلمانی و نە ئیسلامین.

# ناسیۆنالیزمی کورد لە کوێی ئەم جوڵانەوە شۆڕشگێڕانە ڕادیکاڵە وەستاوە!؟



**نووسینی: عوسمان ئەحمەد**

پرشنگداری ئەم جوڵانەوەیە زۆر بە جوانی سیمای خۆی نمایش کردووە، کە بنەمایی ترینیان ڕەتکردنەوەی حیجابی زۆرە ملێیە، کە سیمبولی فاشیزمی ئیسلامی سیاسیە و یەکێکە لە سیما هەرە بەرجەستەکانی ئەم جوڵانەوەیە. و مۆرکی قەومی و نەتەوەیی سیما هەرە لاوا زەکانی ئەم بزووتنەوەیە.

یەکێکی تر لە سیما پرشنگدارەکانی ئەم بزووتنەوەیە، کە ئەڵێین ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەیە مەیدانی شارەکانی کردۆتە کێشمەکێشی بۆ مەرگ کێشانی ئەم رژێمە هارەی سەرمایەداری و جەنگ و سێدارە و کوشتارو برسیەتی.

هەموو جوڵانەوەیەک بەوە ڕادیکاڵە کە لە دڵی کۆمەڵگەدا دێتە وزە و بزووتن دەست بۆ کۆڵەکە ئەسڵیەکانی ئەو دەسەڵاتە سیاسیە دەبات.

هەم سیماو داخوازییەکانی سەرچاوەکەی کێشە ئەسلی واقیعیەکانی کرێکار و زەحمەتکێش و ژنان و لاوان کە برسیەتی و ئاپارتایدی جنسی و نەبوونی ژیان و کارەساتەکانی ئەمڕۆ کە بەرۆکی بە هەموو ئینسانیەتی بەتەنگ هاتوو گرتووە..

ئەم سیمایانە نیشانەی ڕادیکاڵیزە بوونیەتی.

ئەم بنەمایانە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئامانج و ستراتیجییەتی ناسیۆنالیزم نایەتەوە و لە بنەماوە ناکۆکە پێی، و بە هیچ شێوەیەک ناگونجێت لەگەڵ بنەمای ئەم بزووتنەوە ڕادیکاڵە. دواتر ناسیۆنالیزم قەت و هیچ کاتێک لە ڕێگای بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەوە ناتوانێ بە دەسەڵاتی سیاسی ئامانجداری خۆی بگات، چۆن وە بۆچی!؟ چونکە ئەگەر تەماشا بکەین لە و کۆمەڵگەیەدا دەسەڵاتی سیاسی نوێنەرایەتی چینێکی دیاریکراو دەکات کە چینی باڵا دەستە، واتە چینی سەرمایەدارە، و لە ئێستادا ئێرانیش بەدەر نییە لە و سیستەمە جیهانییە سیستەمی ئابوری، کەئابووری سەرمایەدارییە لەسەر برسیکردن و ستەم لێکردنی چینەکانی خوارەوە وەستاوە. دەست ڕەنجی کرێکار و زەحمەتکێش و چینەکانی خوارەوە بە تاڵان دەبات، و ئێران لەسەر بورکانێک لە تورەیی کرێکار و زەحمەتکێش و ژنان و لاوان وەستاوە، کە برسیەتی و دەست ڕانەگەیشتنی بە ئیمکاناتی مادی و بەرهەمی کۆمەڵایەتی ڕق و تووڕەیی و بێزاری تەواوی چینی ستەم لێکراو یەکێک لە بنەما مادییەکانی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە. ستەم لێکردنی ژنان و پلە دوویی ژنان و حیجابی زۆرەملێ کە سیمبولی فاشیزمی ئیسلامییە!؟ کە ناسیۆنالیزمیش بنەمای ماددی ئەو بزووتنەوە بۆرژوازییە چەوسێنەرە پێکهاتووە، و کێشەی ئەسڵی ناسیۆنالیزم بە ناوی ستەمی میللی نەتەوەیەکی دیاریکراو ڕاگەیشتنێتی بە دەسەڵات و بەهرەداری لە تاڵان بردنی ئابووری و داهاتی کۆمەلگە و دەسەڵات گەیشتنی چینی سەرمایەداری ئەو نەتەوە دیاریکراوە. و هیچ کاتێک ناسیۆنالیزم پەیوەندی بە لابردنی ستەمی میللی نییە لەسەر نەتەوەیەکی دیاریکراو، وە ئاینیش کە هەمیشە لەخزمەتی چینی باڵا دەست بووە لە هێشتنەوەی ستەم لەسەر ئینسان.

بۆیە بەو ئاستە ئەم بزوتنەوەیە شۆڕشگێڕانەیە ڕادیکاڵە کە دەستی بۆ دوو بنەمای سەرەکی بردووە کە کۆماری ئیسلامی ئێرانی لەسەر وەستاوە. بەو هۆیەی بنەمای ماددی ناسیۆنالیزمیش کە لەسەری وەستاوە ئەو دوو بنەما ماددیەیە، و بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو بزووتنەوە هاو ئاهەنگ نییە، زۆر دوورە لە ئامانج و ستراتیجی بزووتنەوەکەی. بۆیە بەهەرچی شێوەیەک بۆی بکرێت ئەیەوێت مۆرکی نەتەوەیی بکاتە بەری، و ئاین جیا بکاتەوە و لەژێر ڕق و بێزاری ژنان و لاوان و پیاوانی ئازادیخواز بەرامبەر حیجابی ئیسلامی کە هەیانە لە کۆماری ئیسلامی داببڕێت و دەریبهێنێت و ئەو سیمبول و ئاینە بە پیرۆزی بهێڵێتەوە. کۆماری ئیسلامی ئێران وەک دەسەڵاتی نەتەوەی فارس بناسێنێت، بۆیە بە تەواوی، دوو بزووتنەوەی تەواو جیاواز بە مۆرک و خاسیەتی خۆیەوە لە مەیداندایە، وە ناسیۆنالیزم وەک بزووتنەوەیەکی بۆرژوازی قەت ناتوانێ تەنانەت پێشکەوتوو خوازیش بێت لەگەڵ سیمبولە سەرەکیەکانی ئاین ناکۆک نییە. ناسیۆنالیزم لە باشترین حاڵەتدا ئەگەر ئێستا کۆماری ئیسلامی مفەوەزاتی لەگەڵ بکات، و لە بەشێک ئیمتیازات بەهرەمەندی بکات! هیچ کێشەیەکی نییەو لەسەر خوێنی ژنان و لاوان بپەڕێتەوە ببێتە شەریکی ئەو دەسەڵاتە دژی ئینسانیە.

باشترین نموونەش ناسیۆنالیزمی کورد لە باشووری کوردستان نموونەیەکی زیندوی تاقیکراوەی ناسیۆنالیزمە کە ٣٠ ساڵە ژیانێکی جەهەنەمی بۆ ژنان و پیاوان و لاوان بەدیاری بۆ کۆمەڵگەی کوردستانی عێراق هێناوە. هاوکارێکی سەرەکی کۆماری ڕەشی ئیسلامی بووە، وە داهاتێکی بێشوماری کۆمەڵگەی کوردستانی خستۆتە بەردەمی بزووتنەوە ئیسلامیە ڕەشە هەوسار پچڕاوە، خەڵکیش لە سەرەتایترین ژیانی سەردەم بێبەشە ئەوانیش ڕۆژانە سوکایەتی بە بەشێک لەو کۆمەلگەیە دەکەن کە ژنانن، کە شاهیدی چەندین نموونەی زیندووین لە لای خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان ڕوون و ئاشکرایە پێویست بەبەڵگە هێنانەوەی ناکات..!

هیچ کاتێک ناسیۆنالیزم لە ڕێگەی شۆڕشی ڕادیکاڵە وە ناگاتە دەسەڵات.

شۆڕش چونکە لە گۆرنانی دەسەڵات و کۆتایی هەموو بنەماکانیەتی کە برسیەتی و نەبوونی و ئاین کە یەکێکە لە بنەمای سەرەکیەکان،کە هیچ ناتوانێت ئاین وەک کاری تایبەتی ئینسان لە یاساکانی پێناسە بکات، و دووری بخاتەوە لە سیستەمی پەروەردە و خوێندن و فێرکردن، بڕینی هەموو کۆمەکێکیان کە لە داهاتی کۆمەلگە دەکرێتە قورگیان کە بنەمای سەرەکی گەشەسەندنی دەزگا ئاینیەکانە. دیقەت بدەن ناسیۆنالیزمی کورد هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئاین و حیجابی زۆرە ملێدا نییە! قەت کێشەی ئەوەشی نییە کچانی لاو لەسەر نەپۆشینی حیجاب لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت!؟

ناتوانین نموونەیەک لە بەرنامەی حیزبێکی ناسیۆنالیست بهێنین کە بەرنامەکەی ئاین وەک کاری تایبەتی ئینسان چاو لێبکات و جێگیری بکات، هەموو کەس ئازاد بێت دینی هەبێت یا نا.؟

سادەترین نموونە لە دەسەڵاتداریەتی ناسیۆنالیزمی کورد لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵە دا ٣٠ هەزار ژن بە بیانووی نامووس و شەرەف کوژراون، مینبەر خراوەتە بەردەمی ئەو بزووتنەوە دواکەوتووە کە ئیلهام لە دەسەڵاتی ڕەشی ئیسلامی ئێران وەردەگرن، لە حەوت هەزار مینبەرەوە پەیامەکانی کۆماری ڕەشی ئیسلامی بەگوێی هەموو خەڵکی کوردستان ڕۆژی پێنج جار ئەڵێنەوە، یەکێ لەو حیزبە ناسییونالیستانەی ڕۆژهەڵات پێناسەی کۆماری ڕەشی ئیسلامی بەوە کردووە کە ئەوان نا ئیسلامیین کە بەمەش ئەیانەوێت ئیسلام و ئیسلامی سیاسی لە ژێر ئەو نەفرەتە قوڵەی جەماوەری ستەم لێکراو و ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ دەر بکێشن، کە ئێستا مەیداندارە..

ئەوە ماوە بڵێین سەرکەوتن هەر بۆ ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێرانەیە، هەڵهاتنی خۆر ی ئازادی زۆر نزیکە.

**بژی ئازادی و یەکسانی....**

**مەرگ و نەمان بۆ دەسەڵاتی کۆماری فاشیزمی ئیسلامی ئێران.**

# "لەگەڵمان بن بۆ روبەڕوبونەوەی توندوتیژی و کوشتنی ژنان!

## نووسینی: بەهار مونزیر



کاتێک بیر لە کارێک دەکەیتەوە و هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەیت، بۆ من قورسترین کات ئەو کاتەیە کە هەست دەکەم لە کۆمەڵگەیەکدام کارەکەم کەمترین پشتیوانی لێدەکرێت؛ کارەکەیشم »روبەڕوبونەوەی توندوتیژی و کوشتنی ژنانە«، چەند قورسە باس لە ئەزمونێک بکەیت، لە هەڵبژاردنێک کە پەیوەندی راستەوخۆی هەبێت لەگەڵ کوشتن-دا !

لێرەوە دەمەوێت بچمە ناو ئەو ژیانە قورسەی کە بێئەندازە هەست بە بەرپرسیاریەتییەکەی بکەیت و کاتێکیش دەبینیت کە هیچ جۆرە پشتیوانییەک نابینیتەوە لە کۆمەڵگەدا بە گشتی .

کاتێک ئێمە لە کەناڵەکانی راگەیاندن هەواڵەکانی 'کوشتن، سوتاندن، فڕێدان، ئەتککردنی ژنان و...' دەبینین و دەبیستین و دەخوێنینەوە، بەر نەفرەتی کۆمەڵگەیەکی بێدەربەست دەبینەوە، نەفرت و غەزەبێکی ناحەقانە و دڵڕقی بێویژدانانە.

ئەم کۆمەڵگەیە لای ئاساییە ژن بکوژرێت، بەڵام لای ئاسایی نییە کچێک خۆشەویستی بکات. لای ئاساییە خۆی بخنکێنێت، بەڵام لای ئاسایی نییە بە خواستی خۆی هاوژین هەڵبژێرێت. هاوسەرێک لای ئاساییە لە ژێر فشاری نەبونیدا شەق لە هاوسەرەکەی هەڵبدات، بەڵام لای ئاسایی نییە بچێتە دەرەوەی ماڵ و کارێک بکات و سەرشانی ئەویش سوک بکات. برایەک لای ئاساییە خوشکەکەی بخاتە ئاوی دوکان و بیخنکێنێت، بەڵام لای نەنگییە خۆشکەکەی شو بە کوڕێک بکات لە عەشیرەتێک تر بێت کە ئەم بە دڵی نییە. دایکێک لای ئاساییە کچەکەی لەلایەن هاوسەرەکەیەوە نێوچاوانی شین کراوە؛ بچێتەوە بۆ لای هاوسەرەکەی، بەڵام بۆی قەبوڵ ناکرێت دراوسێکەی یان ئەم و ئەو بڵێن 'کچەکەت بۆ جیابوەتەوە.'

کۆمەڵگە لای ئاساییە ئێمەی چالاکوانان لە رێکخراوەکان، هێرش و سوکایەتیمان پێبکرێت کاتێک کار لەسەر ئەو نمونانەی سەرەوە دەکەین، ئاساییە لە ناو دادگاکاندا بە جنێوی سوک کەرامەتمان بشکێنرێت، لایان ئاساییە بە کچان و ژنانی ناو رێکخراوەکان بوترێت 'بەدڕەوشت'!

دروستکردنی تۆمەت و قسەی سوکی سۆشیاڵ میدیا، لە ئاسانترین و ئاساییترین کارە لەم کۆمەڵگەیەدا. هەر لە فەرمانبەرەوە تاکو دەگاتە مامۆستا و دکتۆر و ئەندازیار و فەرمانبەر بەدڵی خۆیان سوکایەتی بە کاری رێکخراوەکان دەکەن، کەس هیچ ناڵێت لەبەرئەوەی بەردەوامی سوککردنی کاری رێکخراوەکان تەنیا بۆ ئەوەیە دەست نەبرێت بۆ ئەو تاوانانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێکردوە، کە ئێمە لەم میحنەتی بێ ئەقڵییە دەربهێنێت، ئێمە لە ژیانێکی پڕ لە خوێنڕشتن و بوغز و رق دەرباز بکات.

لە لایەکی دیکەوە، کێ داوای سزای تاوانبارانی کوشتنی ژنان دەکات؟ کەس دێتە دەنگ؟ ئەو واقیعە تاڵە وەک ئێمە دەیبینین تەنیا داڵدەدانی بکوژانی ژنانە. ئەوانەی لە کاتی روداوەکانی کوشتن و توندوتیژییدا دەنگ هەڵدەبڕن و زۆر زوو کپ دەبنەوە، ژنان و کچان دێن و هەڵدێن بێ پشت و پەنان و دێنە لای ئێمە، کوا دەنگی هاوڵاتییان بەرامبەر بە دامودەزگاکان و دەسەڵاتداران کە قبوڵی ئەو هەمو خوینڕشتنە دەکرێت و دەیانەوێت ئەم تاوانە قێزەونانە ئاسایی بێتەوە، 'ئەنفالی ژنان' رازیبونی کۆمەڵگەی لەسەر نەبێت هەرگیز وەک ئەمڕۆ بەردەوامی نابێت؛ نە 'زەهرا' بکوژی دیارە، نە بکوژی 'سەروین'، نە بکوژی 'دۆسکی'، هەتا بە بکوژانی 'نەقیب محەمەد' دەگات کە خۆی بەرگریکاری دۆسیەکانی ژنان بوو... ئەرێ ئەوە کەسی تر دەپرسێت کوان؟ چۆن؟ پەنا دران؟

ئەم بۆشایە گەورەیەی ویژان تەنیا بە فشاری هاوڵاتییان دەتوانرێت پڕبکرێتەوە ..

ئەرکی ئێمە لەناو ئەم 'لافاوی خوێن'ە، دەرهێنانەوەی ئەو دۆسیانەیە کە خۆینیان لێدەچۆڕێت؛ ئەوەی پێویستە بکرێت وەستانی لافاوەکەیە. ئەمەش تەنیا بە خۆبەرپرسکردن لەم تاوانانەیە نەک بێدەنگبون لێیان.

ئەوە بێدەنگییە وای کردوە، کە تاوانەکان ساڵ بەساڵ لە هەڵکشاندابن، ئەوە بێدەنگییە کە ئەو تاوانانەی ئاسایی کردوەتەوە و رۆژانە داهێنان لە سوکاتیی و کوشتنی ژناندا دەکرێت و بە ئاسانیی و ئاسایی تێدەپەڕن!

»بێدەنگییش نیشانەی قەبوڵ کردنی کۆمەڵگەیە، لەمەڕ رەوشی ژن لەم کۆمەڵگەیەدا.«

پرسی ژن ؟



بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و رێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە رێگای وتار، دیمانە،

راپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و رێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# بەرهەمهێنانەوەی تایبەتکراوی خێزان و چەوساندنەوەی ژنان لەمڕۆدا



## نووسینی: بەڵێن ئیسماعیل

دەزگای کۆمەڵایەتی و ئابووری خێزان، کە لە سیستەمی کاپیتاڵیزمدا بەرپرسیارێتی سەرەکیی پاراستن و چاودێری و بەرهەمهێنانەوەی هێزی کاری لە ئەستۆدایە، سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ سەرکوتکردنی ژنان. خێزان تایبەت نییە بە کاپیتاڵیزم و بە شێوەیەکی جیاواز، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زۆربەی کۆمەڵگە چینایەتییەکان. (خێزان) بە درێژایی کات خۆی ڕێک خستووە وخۆی گۆڕیوە. ئەم گۆڕانکارییانەش هەم بە هۆی ناکۆکییە ناوەکییەکانی خودی خێزان، و هەم لە وەڵامی چییەتیی وەرچەرخێنەر و پابەند بە بەرهەمهێنانەوە، دروست بووە...لەسیستەمی سەرمایەداریدا خێزان تایبەتمەندیی زۆری هەیە کە لە شێوەکانی پێشووتری جیای دەکەنەوە. لە هەموویان گرنگتر؛ ئەوەیە کە ئەو ڕۆڵە گرنگەی پێشتر خێزان وەک بەرهەمهێنەرو بەرهەمهێنەرەوە بۆ چینی کرێکار دەگێڕا، ئێستا بە شێوەیەکی کاریگەر وەستاوە، چونکە پرۆسەکانی کاری گەورە هەیمەنەی بەسەر بەرهەمهێنانی کاڵادا کردووە. خێزانەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمتر لە ئامرازەکانی ژیانکردن، لە دەرەوەی سەرمایەداری سودمەند دەبن، یان بە گشتی لە مافی هەبوونی سەربەخۆیی لە ئامادەکردنی ئامرازەکانی بژێوی بێبەش بوون. لە بەرامبەردا، بە ناچاری لە پێناو مانەوەی خۆیاندا بە کاری کرێی یەکێک یان چەند ئەندامێکیانەوە پابەند بوون. ئەم کێشەیە ڕۆڵی وەرچەخێنەری خێزان و ئەو دیمەنەی لێیەوە دروست دەبێت، وەک زەمینەیەکی سەربەخۆ ودابڕاو لە بەرهەمهێنان و ژیانی کۆمەڵایەتی و کار، دارشتووە. بەم پێیە خێزان؛ لانیکەم لە ڕووی تیۆرییەوە، لەسەر چاودێری وبەخشینی ئارامیی ئەو تایبەتمەندییەی ئەندامەکانی دامەزراوە کە بە هۆ و لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆدا بە ماندوێتیی کاری کرێ و مەیدانی بەرهەمهێنانەوە دروستبوون.

ڕێچکەی مێژوویی ئەم گواستنەوەیە بەهیچ جۆرێک هەموار نەبوو. کاریگەری پیشەسازیی و هاوشانی دەرکەوتنی چینی کرێکار، تاڕادەیەک پەیوەندییە دێرینەکانی خێزانی هەموو خەڵکی لەناو برد -پیاوان، ژنان ومندالان-ناچاربوون بە کاری تاقەتپڕووکێن لە کاتێکی دوورودرێژدا، کە هەر جۆرە "ژیانێکی خێزانی" بەو فۆرمەوە کە هەنووکە دەیزانین، دەکردە مەحاڵ. بە بینینی هەمان ڕەهەند بوو کە مارکس و ئەنگڵس بەبێ هیچ دوودڵییەک و بە بەڵگەوە پێشبینیان کرد کە خێزانی چینی کرێکار بەهۆی جەوساندنەوەوە لە دۆخی لەناوچووندایە. "چەمکی خێزان چیتر بوونی نییە، بەڵام لێرە و لەوێ خۆشەویستیی خێزانیی دامەزراو لەسەر پەیوەندییەکی زۆر ڕاستەقینە بە تەواوی دەبینرێت "ئەمە ڕوانگەی ئەوان بوو بۆ ژیانی خێزانیی چینی کرێکار لە ١٨٤٦دا. ڕیفۆرمخوازان و چینی ناوەڕاست هێرشێکی ئایدیۆلۆژی و قانوونیان پێویست بوو بۆئەوەی خێزانی ناوکی بەسەر چینی کرێکاردا بسەپێنن، ئەمەش بووە هۆی کەمکردنەوەی لە دایکبوون و لانیکەمی مردنی بەرزی کۆرپەکان و کەمکردنەوەی لە دایک بوون و لانی کەمی مردنی بەرزی کۆرپەکان، و کەمکردنەوەی ئومێد لە ژیانی کرێکاراندا، کە وەک هەڕەشەیەکی لەناکاو و درێژمەودا بۆ پیشەسازی هەژمار دەکرا. ئەم هێرشانە هەم لەگەڵ بەرگریی کرێکاران ڕووبەڕوو بووەوە، و هەم لەگەڵ پارێزگاریی ئەواندا، کە سەرچاوەکەی لە لایەکەوە نیگەرانی بوو لە توانستی دابینکردنی بژێویی ئەندامانی خێزانەکانیان، و لە لایەکی دیکەشەوە ئارەزووی ئەوان بوو بۆ گێڕانەوەی شکۆ و کەرامەت، کە وەک بڵێیت تەنها خێزان دەیتوانی بۆیان دابین بکات. سەرئەنجام، تەماشاکردنی خێزان لەناو چینی کرێکاردا بە شێوەیەکی دانەبڕاو لەگەڵ بابەتە ستانداردەکانی ژیاندا پەیوەندیی هەبووە و هەیەتی. ناتواندرێت بەو شێوەیەی کە بەشێک لە فێمینیستەکان بیری لێدەکەنەوە سەبارەت بە ژنان، یان سەبارەت بە سوود و بەرژەوەندیی بەشداریی ژنان لە هێزی کاردا ببینرێت.

لە سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم، خێزان بەبێ ئەوەی لەناو بچێت، درێژەی بە ئەنجامدانی ئەرکی دیاریکراوی خۆیدا. خێزان وەک سەرچاوەیەکی چاودێری، ئارامی و خۆراک، لە مرۆشدا وەک بەرپرسی سەرەکی خۆشبەختی و بزوێنەرێک بۆ کرێکاران دەبینرێت، بە جۆرێک، کە کرێکاران بتوانن ڕۆژێک، مانگێک، ساڵێک یان دە ساڵی دیکە کار بکەن. تەندروستی و بە کۆمەڵایەتیکردنی مندالان و بەشێکی زۆری چاودێریکردنی بەساڵاچوان و بیماران و ئەوانەشی توانای کاریان نەماوە، بەردەوام لە لایەن خێزانەوە ئەنجام دەدرێت. سەرچاوەیەکی ئامادە و گونجاو بۆ چەوساندنەوە لە هێزی کاردا بە کەمترین تێچوون (واتە ئەو کرێکارانەی کە خوازیارن و دەتوانن لە پێناو هەقدەستدا کار بکەن)، گرنگترین سەرقاڵییە بۆ چینی سەرمایەدار. بەبێ ئەوەی مرۆڤەکان ئامادە بن بۆ کار و تەنها بۆ قەرەبووکردنەوەی کارەکەیان کەمێک لەو بەهایە قبوڵ بکەن، کە لەگەڵ کارەکەیاندا بەرهەمیان هێناوە، هیچ قازانجێک، هیچ کەڵەکە کردنێکی سەرمایە و هیچ ئامادەییەکی بەهێزو دەستکەوتێک بۆ چینی سەرمایەدار بوونی نابێت. ئەوەی کە کرێکاران لە زۆرینەی بوارەکاندا خواستیان بۆ دووبارەکردنەوەی دەزگای خێزان هەیە، ئەرکەکانیان بە ئاسانی و بەبێ هیچ گریمانە و قەرەبوویەک ئەنجام دەدەن و چاودێریکردنی نەوەکان یان ئەوانی دیکە وەک بەرپرسیارێتییەکی تایبەتی لە ئەستۆ دەگرن. لە دیدی سەرمایەدارەوە، خێزان ڕۆڵێکی دوولایەنەی هەیە، هەم وەک دەزگایەکی زەرووری ئابووری، و هەم وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی کە لە فۆرمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری جودا نییە و گرێدراوە پێیەوە.

زۆرینەی ئەو کارانەی بۆ دامەزراندنی خێزان ئەنجام دەدرێن، خۆبەخشانە، بەبێ هیچ جۆرە باربوو (قەرەبوو) یەکی ڕاستەوخۆ و بە شێوەیەکی نارێکخراو لەلایەن ژنانەوە شکڵ دەگرێت. لەگەڵ ئەوەی کە لە وڵاتە پێشکەوتووە سەرمایەدارییەکاندا، ژنان و پیاوان کاتی کاریان لە هەفتەدا وەکو یەک بێت (بە کاری هەقدەستی و ناهەقدەستییەوە)، هێشتاش ژنان بەشێکی زیاتر لە کاری بێکرێی ناوماڵ ئەنجام دەدەن، بە تایبەت کاتێک کە چاودێری کۆرپە ساواکانیشیان بن. سەرەڕای ئەوەی جیاوازیی سەعاتی کاری ناو ماڵ کە ژنان و پیاوان ئەنجامی دەدەن، لە ماوەی دوو دەیەی کۆتایدا کەمتر بووەتەوە، بەڵام هێشتا هەستی بەرپرسیارێتی سەبارەت بە ماڵ و مندالان زۆر جێی سەرنجی ژنانە. گرفتی بونیادی لە کڵێشە جێندەرییەکاندا و نەبوونی یەکسانیی ئابووری لە نێوان ژنان و پیاواندا و خواست و چاوەڕوانییەکانی خاوەنکاران بوونەتە هۆی دۆخێک کە ژنان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئامانج و خواستە فەردییەکانی خۆیان یان هاوسەرەکانیان، خۆیان بە ناچار ببینن لە گێڕانی ڕۆڵی چاودێریکردندا

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

## کەزییەی ( ژینا ) بۆتە ئاڵای شۆڕشێکی سەرتاسەریی

نووسینی: جەمال غریب




ژینا دەنگی زوڵاڵ و دلێرە لەڕێی کۆنسێپتی (گوناه) ەوە توانی یەکەمین یاخیبوون لەدژی ئیسلامگەرەکانی ئێران لەمێژووی سەرزەمیندا دابهێنێت، ئەم چەمکە پێمان دەڵێت یاخیبوون بریتییە لە کرۆکی مرۆڤ، وە مرۆڤ بەو ئاکارە باشەی هەیەتی کاتێک دەڵێت (نا) ئیتر بەمە خۆی دەبێتە خودا. کاتێکیش کامۆ لە سالی 1951 دا مرۆڤی یاخی نووسی، ئەو شتێکی لەوە زیاتری نەخستەڕوو، که (ژینا) بەمەرگی خۆی خستیە ڕوو.

بەدرێژایی نزیک بە نیو سەدەیە ، دەستە و تاقمێکی عەمامەبەسەر، دەستیان ناوەتە بنەقاقای ئازادی و سەرخۆبوونی مرۆڤەکانیان کردۆتە قوربانی فیشەک و پەتی سێدارەیان، بە ماشێنی سڵنگی ئەڵمانی هەڵخستوە بۆگەنجو لاو و جوانانی گەلانی ئێران، لەو ڕۆژەوەی ئەو ئاخوندانە هاتونەتە سەر حوکم ئێرانینان بە دەردێکدا بردوە کە ڕێژەی هەژاری و بێ کاری و نەبوونی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە هەڵچوندایە و تروسکەی هیوایەکی گەش لەسایەی کۆماری ئیسلامی پەت و سێدارەوە نابینرێ، خەڵکی چەوساوەو ئازادیخوازی ئێران لە دەرفەتێک دەگەڕێن کە هەرچی تورەیی و بێزاری و ئەو زوڵم و زۆرو نادادیەی دەسەڵاتدارانی ئاخوند سەپاندویێتی بەسەر چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانی گەلانی ئێران، ڕۆژێک بێت وەک بورکانێک بتەقێتەوە بەڕووی ئەو دەسەڵاتە دا، ئەوەی لەم ڕۆژانەدا دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستی ئێران ئەنجامیاندا بەرامبەر بە کچە چالاکوانێکی ئازادیخوازی خەڵکی سەقز بەنێوی ژینا و گیان لەدەستدانی بەبیانوو و گوناهی قژ ڕووتی و حیجاب نەکردن، ژینا بە فڕێدانی سەرپۆشی سەری و هەڵبژاردنی مەرگ وەک کیژێکی ئازاو ئازادو خۆنەویست( نا) یەکی نابە دڵی ئاخوندەکانەوە کە ببێتە بڵێسەی شۆڕشی جەماوەری و بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی سەرتاسەری، ژینا بە مەرگی خۆی یەکەمین یاخی بوونی لەدژی ئیسلامگەراکان بەرپاکرد

واتە یاخی بوون پێمان دەڵێ بریتی یە لە کرۆکی مرۆڤ، وە مرۆڤ بەو ئاکارە باشەی کە هەیەتی دەتوانێ نەهێڵێ هیچ دەستەو تاقم و دەسەڵاتێکی کۆنەپەرست خۆی بسەپێنێ بەسەریدا و نەهێڵێ هەوای ئازادی هەڵمژێ، بەپێچەوانەوە مێژووی مرۆڤایەتی دەریخستوە کە هەر دەسەڵاتێکی خۆسەپێن ناتوانێ تاسەر ئازادیەکانی مرۆڤ زەوت بکات، ئەگەر مرۆڤ خۆی هاوئاهەنگی ئەو زەوتکاریەی نەبێ، ژینا بە فڕێدانی سەرپۆشەکەی سەری، شۆڕشێکی بەرپاکردو هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان هەماهەنگ بن و بڕژێنە سەر شەقام و ڕووبەڕووی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئیسلامی ئێراندا ڕابوەستن و تەواوی شارەکانی ئێران بخرۆشێ، وەلێ لە باشوری کوردستان تاوەکو ئەمڕۆکە هیچ هاوئاهەنگی هاوپشتییەک نابینرێ بۆ داکۆکیکردن لە دروشمی ( ژن... ژینا ... ئازادی) بکەنە بەیداخی بەرزو سیمبولی ئازادی و سەرخۆبوونی ئینسان و هەڵکردنی ئەو بەیداخە و هێشتنەوەی بەبەرزی لەلووتکەدا، لەکاتێکدا دەبوو لەباشوریش بەهەمان شێوە شۆڕش و ڕاپەرین و خۆپیشاندانەکان هەموو شارەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆک و کەرکوک و هەڵەبجەی بگرتایەتەوە و ببوایە بەدەستە خوشکی شارەکانی تری ڕۆژهەلات، بەڵام بەداخەوە کەش و هەوایەکی ترسنۆکانەو ژێردەستەیی شارەکانی کوردستانی داگیرکردوە نەک بەرگری لەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیە ناکەن، بەڵکو لەم هەرێمەدا کەسانێکی تیایە بەناوی فڕێدانی سەرپۆش و نەکردنی حیجابەوە، نەفرەت دەنێرێ بۆ خۆپیشاندەران و گیانی ژینای ئازادیخواز، لێرەوەیە دەبێ خەڵکی ئازادیخوازی بە ماڵ و گیان و ماندووبوونی خۆی ڕێگەنەدا ئەم ڕاپەرین و ئاگری بڵێسەی شۆڕشە دامرکێتەوە، بەڵکو پێویستە ڕۆژ بەڕۆژ تاوبسەنێ بە مەشخەڵەکەی شۆڕشی سەرتاسەری ئازادی و ڕزگاری بەرپاببێ تا لەسایەیدا کۆمەڵگەیەکی دوور لەچەوسانەو ناعەدالەتی و یەکسانی ژن و پیاو جێگرەوە بێت بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی..

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالح، حەکیم میرزا

## ژنگەلی ئێران:


ئەتوانن گوێچکەی عەرشی عەمامە بتەقێنن، هەر بە لەچک، ئەتوانن کۆڵان و شەقام و شۆستەکان بشارنەوە، بەدەم ڕۆیشتنەوە تەنیا بقیژێنن، پڕ بە یەخبەندانی گەروو.. بە یەک دەنگ بزریکێنن، جگە لە قیژە و زریکە هیچی تر نەڵێن، داوای هیچ نەکەن..

ئەگەر بەو شێوازە، وەک لافاو ڕووبکەنە کون و قوژبنی شارەکان و پڕ بە ئێران بقیژێنن.. کونەمشک لە لوتکەی دەسەڵات وئیمام و مەلاکان... ئەبێ بە تونێل و قەیسەری.



ئارام حەسەن


## دوو بەرهەمی هونەرمەند کاوان قادر








## تیکستی شاعیر بەندی عەلی



داخۆ ئەجری حیجاب چی بێ
کە زارت ژەهری تێ زابێ
بەر لە پرچ و زوڵف و پەرچەم
با حیجابێ لە دەمتا بێ
ئاوەزو لەبزو ڕەفتارن
بناغەی حەجبی بێ شەرمی
تەرازووی حورمەت و ئەخلاق
بە چەند مەترێ عەبا نابێ

تۆ ئازادی .. چی دەپۆشی
هەمان مسقاڵ ئەویش ئازاد
ئەگەر جیا بوونی تۆ مافە
هەمان مافە ئەویش جیا بێ!
.........................................
ئەم دەقە تایبەتە تەنها بەوانەی
سوکایەتی بە خانمانی بێ حیجاب دەکەن...



# سەرمایەداری، شۆڕش و سۆشیالیزم

نووسینی: توانا محمد نوری

## سەرمایەداری چییە؟

سەرمایەداری ئەو سیستمە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە ئێستا لە هەموو وڵاتانی جیهاندا هەیە. لە ئێستادا سەرمایەداری هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە. لە ژێر ئەم سیستەمەدا ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن (زەوی، کارگە، تەکنەلۆژیا، سیستەمی گواستنەوە و هتد) لەلایەن کەمینەیەکەوە خاوەندارێتی دەکرێت. ئەم کۆمەڵە مرۆڤە بە چینی سەرمایەداری ناو دەبرێن. زۆرینەی خەڵک دەبێت هێزی کاری خۆیان بفرۆشن لە بەرامبەر حەقدەستێک یان مووچەیەک، ئەمانەش بە چینی کرێکار ناو دەبرێن.
کەواتە لە کۆمەڵگەی سەردەمدا دوو چین هەیە. ئەم دابەشبوونە چینایەتییە ناوەرۆکی سەرمایەدارییە. دیارە قسەش لەسەر 'چینی' جۆراوجۆری دیکە هەیە وەک 'چینی ناوەڕاست'، بەڵام ئەو دوو چینەی لێرەدا باسکراون کلیلی تێگەیشتنە لە سەرمایەداری.
چینی کرێکار مووچەیان (هەقدەست) پێدەدرێت بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری کە دواتر دەفرۆشرێن بۆ قازانج. بە فرۆشتنی ئەوەی کرێکار بەرهەمی هێناوە پارەی زیاتر بەدەستدەهێنن لەو پارەیەی دراوە بۆ کڕینی هێزی کاری کرێکار لە بازاڕی کاردا. بەم مانایە چینی کرێکار لەلایەن چینی سەرمایەدارەوە دەچەوسێنرێتەوە. سەرمایەداران بۆ قازانج دەژین کە لە ئیستغلالکردنی چینی کرێکارەوە بەدەستی دەهێنن لە هەمان کاتدا بەشێک لە قازانجەکانیان بۆ کەڵەکەکردنی زیاتری سەرمایە بەکاردەهێننەوە.
بەدڵنیاییەوە ئەندامانی چینی سەرمایەداری خۆیان دەزانن کێن هەروەها زۆربەی ئەندامانی چینی کرێکار دەزانن کە پێویستیان بە هەقدەست یان مووچە هەیە بۆ ئەوەی بژێوی ژیانیان دابین بکەن (یان وابەستەی کەسێکن کە کار دەکات، یان پشت بە یارمەتییەکانی دەوڵەت دەبەستن.

## پاڵنەر بۆ قازانج

پاڵنەری سەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری لە سەرمایەداریدا قازانج و کەڵەکەکردنی سەرمایەیە، نەک تێرکردنی پێداویستییەکانی خەڵک. بێگومان سەرمایەدار دەبێت کڕیارێک بۆ بەرهەمەکانی بدۆزێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئامانجی سەرەکی قازانجکردنە، لە کۆتاییدا دەبێت پارەیەکی زیاتر بگەڕێتەوە لەوەی کە لە سەرەتادا بەکارهێنراوە. ئەمە تیۆری نییە بەڵکو ڕاستییە و دەتوانێت بە ئاسانی پشتڕاست بکرێتەوە. بەرهەمهێنان بەوە دەست پێناکات کە بەکاربەران ئامادەن پارەی بۆ بدەن بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانیان، بەڵکو بەوەی کە سەرمایەدارەکان حیسابی دەکەن دەتوانرێت بە قازانج بفرۆشرێت. لەوانەیە ئەو کاڵایانە پێداویستییەکانی مرۆڤ دابین بکەن، بەڵام ئەو پێداویستیانە دابین ناکرێت ئەگەر خەڵک پارەی پێویستیان نەبێت.
قازانج نەک تەماح پاڵنەری تاکی سەرمایەدارە. ئەوان بژاردەیەکی تریان لەو بارەیەوە نییە. پێویستی قازانج بەسەر سەرمایەدارەکاندا دەسەپێندرێت وەک مەرجێک بۆ ئەوەی وەبەرهێنانەکانیان و پێگەی سەرمایەداریان لەدەست نەدەن. کێبڕکێ لەگەڵ سەرمایەدارەکانی تر ناچاریان دەکات کە تا توانایان هەیە قازانجەکانیان وەبەربێننەوە بۆ ئەوەی ئامراز و شێوازەکانی بەرهەمهێنانیان بهێڵنەوە.
پاڵنەری قازانجی سەرمایەداری هۆکارێکی سەرەکی ئەو کێشانەیە کە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە: نایەکسانی کە هەمیشە لە زیادبووندایە، هەژاری، نامۆبوون، تاوان، لانەوازەیی، تێکچوونی ژینگە – لیستەکە درێژە. چینی کرێکار لە ئەنجامی سیستەمی قازانجدا ئازار دەچێژێت. تا کرێکار بۆ بەدیلێک خەبات نەکات، سیستەمی قازانج لەسەر ڕێڕەوی کوێر و نەگۆڕی خۆی بەردەوام دەبێت.
دابەشکردنی چینایەتی و قازانجی سەرمایەداری ڕیشەی زۆربەی کێشەکانی ئەمڕۆی جیهانە، لە برسێتیەوە تا شەڕ، تا نامۆیی و تاوان. هەموو لایەنێکی ژیانمان ملکەچی خراپترین زیادەڕەوییەکانی پاڵنەر بۆ قازانجکردنە. لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، پێداویستییە ڕاستەقینەکانمان لە دوای پێداویستییەکانی قازانج دێن.

## سەرمایەداری = بازاڕی ئازاد؟

بە شێوەیەکی فراوان وا بڵاوە کە سەرمایەداری بە واتای ئابووری بازاڕی ئازاد دێت. بەڵام دەکرێت سەرمایەداری بەبێ بازاڕی ئازادیش ببێت. ئەو سیستمانەی کە لە شورەوەی هەبوون و لە چین و کوبا هەن، ئەمە نیشان دەدەن. ئەم کۆمەڵگە چینایەتیانە بە شێوەیەکی بەرفراوان پێیان دەوترێت 'سۆشیالیست'. چاوخشاندنێک بەو کۆمەڵگەیانە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم وڵاتانە تەنیا 'سەرمایەداری دەوڵەت' بوون. بۆ نموونە لە ڕووسیای گوایە 'سۆشیالیستی'دا، هێشتا کاری کرێگرتە، بەرهەمهێنانی کاڵا، کڕین، فرۆشتن و ئاڵوگۆڕکردن هەبوو. ڕووسیای 'سۆشیالیست' بەردەوام بوو لە بازرگانیکردن وەک هەموو دەوڵەتێکی سەرمایەداری دیکە، ئامادەبوو بچێتە شەڕەوە بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی. ڕۆڵی دەوڵەتی سۆڤیەت بۆ هێشتنەوە و ئیستغلالکردنی کاری کرێگرتە، دانانی ئامانج بۆ بەرهەمهێنان و تا ڕادەیەکی زۆر کۆنترۆڵی ئەوەی کە دەتوانرێت یان ناتوانرێت بەرهەم بهێنرێت. بۆیە ئەم جۆرە وڵاتانە هیچ پەیوەندییەکیان بە سۆشیالیزمەوە نەبووە.

## شۆڕش یان چاکسازی؟

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو شتانەی کە تا ئێستا سەبارەت بە سەرمایەداری وتوومانە، دیارە دەبێت شتێک بکرێت. بەڵام چی؟ ئایا دەتوانرێت وا لە سەرمایەداری بکرێت بە شێوەیەکی جیاواز کار بکات؟ یان دەبێت شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی ڕووبدات بۆ ئەوەی سەرمایەداری بگۆڕێت بە کۆمەڵگەی تر؟ ئەمە مشتومڕێکە زیاتر لە سەدەیەک دەبێت بەردەوامە.
ڕێگای هەوڵدان بۆ گۆڕینی هەنگاو بە هەنگاوی سەرمایەداری، یان 'چاکسازی'، ئەو ڕێگایەیە کە زۆربەی ئەو کەسانەی کە ویستوویانە کۆمەڵگا باشتر بکەن، گرتویانەتەبەر. نکۆڵی لەوە ناکرێ کە خەباتی چینی کرێکار بۆ چاکسازی هەندێ دەستکەوتی بەدەستهێناوە و یارمەتیدەر بووە بۆ باشترکردنی بارودۆخی گشتی ژیان و کارکردنیان. هەندێک چاکسازی بەڕاستی جیاوازی لە ژیانی ملیۆنان کەسدا دروست دەکەن و دەتوانرێت وەک 'سەرکەوتوو' سەیر بکرێن. نموونەی ئەمە لە بوارەکانی وەک پەروەردە، خانووبەرە، منداڵان، بارودۆخی کار و ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا هەیە. بەڵام لەم ڕووەوە ئەم جۆرە 'سەرکەوتنانە' لە واقیعدا کرێکارانی لە کاری کرێگرتە ڕزگار نەکردووە، بەڵکو لە دۆخی کارکردنی کاردا هێشتونیەتەوە.

سۆشیالیزم چییە؟

سۆشیالیزم یانی خاوەندارێتی گشتی. ئەمەش بەو مانایەیە کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە بە هاوبەشی لەلایەن کرێکار و زەحمەتکێشەوە بەڕێوەدەبرێت.
.
کۆنترۆڵی دیموکراسیش بۆ سۆشیالیزم جەوهەرییە. سۆشیالیزم کۆمەڵگایەک دەبێت کە هەموو کەسێک مافی بەشداریکردنی دەبێت لەو بڕیارە کۆمەڵایەتیانەی کە کاریگەرییان لەسەرە. ئەم بڕیارانە دەتوانن لەسەر کۆمەڵێک پرسی بەرفراوان بن – یەکێک لە گرنگترین جۆرەکانی بڕیار، بۆ نموونە، چۆنیەتی ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان دەبێت.
بەرهەمهێنان لە ژێر سۆشیالیزمدا ڕاستەوخۆ و تەنیا بۆ بەکارهێنان دەبێ. بەو پێیەی سەرچاوە سروشتی و تەکنیکییەکان بە هاوبەشی ڕابگیرێن و بە شێوەیەکی دیموکراسی کۆنترۆڵ دەکرێن، تاکە ئامانجی بەرهەمهێنان، دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ دەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆی کۆتاییهێنان بە کاری کرێگرتە، کڕین و فرۆشتن و پارە. دروشمی "لە هەریەکەیان بەپێی توانا، بۆ هەریەکەیان بەپێی پێویستی" جێبەجێ دەبێ.
کەواتە چۆن بڕیار لەسەر پێداویستییەکانی مرۆڤ دەدەین؟ ئەم پرسیارە دەمانباتەوە بۆ چەمکی دیموکراسی، چونکە هەڵبژاردەکانی کۆمەڵگە ڕەنگدانەوەی پێداویستییەکانیان دەبێت. بێگومان ئەم پێداویستیانە لە نێوان کولتوورە جیاوازەکاندا و بە ئارەزووی تاکەکان دەگۆڕدرێن- بەڵام دەتوانرێت بە ئاسانی سیستەمی دیموکراسی دابڕێژرێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان.
بێگومان ناتوانین پێشبینییەکی وردی فۆرمی دیموکراسی داهاتوو بکەین، بەڵام دەکرێ بووترێ و ئەگەری ئەوەش هەیە بڕیارەکان پێویستیان بە بڕیاردان لە کۆمەڵێک ئاستی جیاوازدا هەبێت. ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ ڕێکخستنی بەشداریکردنی دیموکراسی هەموو تاکێک بەرەو ئەو پرسانەی کە پەیوەندییان بەوەوە هەیە.
لە سۆشیالیزمدا هەموو کەسێک بە ئازادی دەستی دەگات بەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەی کە بۆ دابینکردنی ڕاستەوخۆی پێداویستییەکانیان داڕێژراون و پێویست ناکات هیچ سیستەمێکی پارەدان بۆ ئەو کارانە هەبێت. هەموو کارەکان لەسەر بنەمای خۆبەخشانە دەبێ. بەرهەمهێنان بۆ پێداویستییەکان بەو مانایەیە کە خەڵک خەریکی کارێک دەبن کە سوودێکی ڕاستەوخۆی هەبێت. ئەو ڕەزامەندییەی کە ئەمە دەیبەخشێت، لەگەڵ زیادبوونی دەرفەت بۆ دارشتنی شێواز و بارودۆخی کارکردن، هەڵوێست و بواری نوێ بۆ کارکردن دەهێنێتە ئاراوە.

**کۆتایی ئەیلولی ٢٠٢٢**

**کۆمەڵگەی ئازادی کۆمۆنیستی کە لەسەر بناغەی هاوبەشی هەمووان لەسەرووەت و سامانی کۆمەڵگە، دامەزراوە...هەر ئەمڕۆ دەکرێ پیادە بکرێ...**

# گەشاوەیە تێکۆشانی جەماوەری خەڵکی ئێران



عبدالرحمن رسول

بەڕامالینی دەسەڵاتی فاشیزمی ئیسلامی ئاخوندی ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆکارێکی بەهێز و کاریگەر بۆ گەشەدان و لەدایک بوونی گەشەی شارستانی و ئازادیخوازی و مەدەنی بوونی نەک کۆمەڵگای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکو تەواو ناوچەکە دەبوژێتەوە بە بیروباوەڕی ئازادیخوازی و مرۆڤ دۆستی و یەکسانیخوازی. لەبەرئەوەی ئەم جۆرە فاشیزمە خراپترین و ملهوڕترین جۆری فاشیزمە کە جگە لە گەشەدانی کردەوەی وەحشیگەری ودژە ئینسانی و هەژاری و بێکاری و برسیکردنی گەلانی ئێران هیچ جۆرە سوودێکی نەبووە. بەهاتنە سەر کاری دەسەڵاتی فاشیزمی ئیسلامی ئێران ڕاستەوخۆ کاریگەری بەهێزی هەبوو بۆ گەشەدانی ڕەوتی کۆنەخوازی و توندڕەوی و دژە ئینسانی لەناوچەکەدا. چەندین ڕێکخراو و حیزب لەژێر ناو و بانگەشەی دینی دامەزران. ئەم دەسەڵاتە لەپارەی داهاتی گشتی ئێران ساڵانە و مانگانە پارەیەکی زۆری تەرخانکرد بۆ هاوکاری ویارمەتیدانیان. زۆرێک لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم ڕێکخراوانە دەستیان بەچالاکی و بانگەوازیی خۆیان کرد. یەکێک لەو وڵاتانە عێراق و کوردستانە کە دەسەڵاتی ئیسلامی ئێران زۆر بەئاشکرا یارمەتی و هاوکاری ماددی ومەعنەوی پێشکەش کردن. سەرکردەو ڕابەرانی ڕێکخراو و حیزبە ئیسلامییەکان بەئاشکرا لەلایەن فاشیزمی ئیسلامی ئاخوندی ئێرانەوە هاوکاری ماددی ومەعنەوەی کراون خول و ڕاهێنانی سەربازی و سیاسییان لەئێران لەژێر چاودێری بەرپرسانی حکومەتی ئیسلامی ئێران بۆکراوەتەوە. هەر ئەمەش وایی کردووە هەمیشە بەناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێران ئەم ڕێکخراوە ئیسلامییانە نیگەران و دڵتەنگتربن لەبەرپرسانی ئێرانیش. جار جارەش ئەگەر لەسەر هێرش و تۆپبارانەکانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر باشووری کوردستان شتێکی جیاواز دەڵێن تەنها بۆ ئەوەیە کە لەڕوکەشدا وا خۆیان دەردەخەن کە هاوخەمن لەزیانەکان بەخەڵکی کوردستان، دەنا ئەم هێزە ئیسلامییانە و هێزەکانی دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی پشت وپەنای ڕاگرتنی پایەکانی ئەو جۆرە فاشیزمەن لەناوچەکەدا. ئەم جۆرە وەفادارییان لەکاتی ناڕەزایەتی یە جەماوەرییە فراوانەکانی خەڵکی ئێراندا چاوەڕوانی فەرمانی کۆماری ئیسلامین کە ئەرکدارییان بکات بەفەرمانێک.

بۆیە ئیسلامییەکان لەگەڵ لافاوی ناڕەزایەتی گشتی خەڵکی ئێراندا دژایەتی خۆیان ناشارنەوە بەرامبەر خەڵکی ناڕازی ئازادیخواز و ڕاستەوخۆ لایەنگری و شاباش بۆ خزمەتی فاشیزمی ئیسلامی ئێران لێدەدەن. بەدرێژایی تەمەنی دەسەڵاتی فاشیزمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە بەردەوام خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخوازو یەکسانیخوازی بەبێ تاوان لەسێدارەداوە و کۆڵبەرانی زەحمەتکێشی کوشتووە و خەڵکی هەژارو بێکار کردووە بەڵام ئەم ئەم حیزبە ئیسلامییانە بەچەند دێڕێکیش کردەوەکانی ئەم دەسەڵاتە وەحشیگەرییەیان مەحکوم و شەرمەزار نەکرد، بەڵام ئێستا دێن لەبەرژەوەندی ئەم دەسەڵاتە ملهوڕە دژایەتی خەڵکی ناڕازی ئێران و ڕۆژ هەڵاتی کوردستان دەکەن و پێیان وایە خەڵک تەنها لە دژی لەچک و حیجاب هاتوونەتە مەیدان هەرچەندە خەڵک لەدژی سەرجەم یاسا چەوسێنەرو زۆرە ملێکاندا هاتونەتە مەیدانی تێکۆشان، یەکێک لەیاسا کۆنەخوازو دژە ئینسانییەکان هەبوونی یاسای بەزۆر سەپاندنی حیجاب و لچکە هەربۆیەش سووتانی لچکە وحیجاب بۆتە سمبولێکی ئازادیخوازی ژنان وپیاوانی ئێرانی.

هەر بۆیە کە چەندە سیستەم و حکومەتەکەی ئاخوندی ئیسلامی سووتانی لەچک بەمەترسی ڕووخانی دەسەڵاتەکەی دەزانێت، بەڵکو زیاتریش هێزە کۆنەخوازی دەسەڵاتداری چەوسێنەری بنەماڵەکانی کوردستان و حیزبە ئیسلامییەکان بەزیانی خۆیانی دەزانن. لەبەرئەوەی باش دەزانن ئەم تێکۆشانە ئازادیخوازەی خەڵکی ئێران و ڕۆژ هەڵاتی کوردستان بە مەترسی جدی یە بۆ سەرخۆیان و سەرجەم پایەکانی هێزی کۆنەپارێزیان. خودی ڕێگریکردن لەخۆپیشاندانی خەڵکی ئازادیخوازی شارەکانی باشووری کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی بنەماڵەیی چەوسێنەر بەدیاریکراوی ڕۆژی چوارشەممەی ٢٨-٩-٢٠٢٢ لەشاری سلێمانی ڕاستەوخۆ خزمەت بەسیاسەتی دژەبەشەری فاشیزمی ئیسلامی ئێران دەکات. نیشانەی ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ بەرپرسانی چەوسێنەری بنەماڵەکانی کوردستان دژایەتی شۆڕش و تێکۆشانی ئازادیخوازانەی جەماوەری شارەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. بەمیلیشاکردنی خیابانەکانی شاری سلێمانی لەکاتی بۆمبارانکردنی بنکەوبارەگانی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەناو باشووری کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی فاشیزمی ئاخوندی ئیسلامی ئێرانەوە ئەوپەڕی کردەوەی دژە ئینسانی یە. لەمێژووی دەسەڵاتی دا بەردەوام هێزی دەسەڵاتی فاشیزم پشت دەبەستێت بەهێزە کۆنەخوازو دژە بەشەرییەکانی هاوشێوەی خۆی بۆمانەوەی لەدەسەڵاتدا، ئەوەی لەباشوری کوردستان لەژێر سایەی دەسەڵاتی بنەماڵەی کوردایەتی چەوسێنەر ڕوودەدات کە بەزۆر خۆپیشاندانی ئازادیخوازانی باشوری کوردستان بۆ پشتیوانی خەڵکی تێکۆشەری ناڕازی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرکوت دەکات و خەڵکی خۆپیشاندەر زیندانی دەکات، نیشانەی ئەوەیە کە تەواوی بنەماڵەکانی دەسەڵات وحیزبەکەیان ڕاستەوخۆ خزمەت چی فاشیزمی ئیسلامی ئێرانن و خۆیان بەشێک لەو جۆرە فاشیزمە دەزانن، هەربۆیەشە لەکاتێکدا بارەگاکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی موشەک باران دەکرێت و خەڵکی بێتاوان دەبێتە قوربانی ئەوانیش وەک بنەماڵەکانی دەسەڵاتی کوردایەتی شارەکانی باشوری کوردستان ملیتاریزە و پڕ چەکدار دەکەن و خەڵکی ناڕازی بەفاشیزمی ئیسلامی ئێران ڕاپێچی زیندانەکان دەکەن، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانن تەمەنی دەسەڵاتی ئاغاکانیان زۆری نەماوە ڕاپێچی زبڵدان بکرێت لەلایەن خەڵکی تێکۆشەری ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، ئەوکات ئەوانیش دیواری دەسەڵاتیان دەڕمێت. مێژوو شاهیدە کە فاشیزمی کۆماری خوێنڕێژی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ەوە لەدوای شۆڕشی بەهمەن، بە یارمەتی دەوڵەتە زلهێزەکان لەوانە فەرەنسا و ئەمریکا قاچەکانی خۆی لەناو ئێراندا چەقاند و لە ماوەیەکی کەمدا بەزۆر پاش کوشتن و زیندانی و لەسێدارەدانی هەزارەها کەسی ئازادیخوازو یەکسانیخواز حوکمی ئیسلامی خۆی دامەزراند. ئاشکراو ڕوونیشە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی ئەم ڕژێمە ئیسلامییە ئاخوندییە دژایەتیکردنی ژنان و بەزۆر حیجاب پێکردنیانە. بەبێ زۆرە لەملێ و سەرکوت و لەسێدارەدان ئەم ڕژێمە ناتوانێت بەردەوام بێت لەبەرئەوەی بەرگەی هەبوونی ئازادی ناگرێت. سەرکوتی بەهێزی ئەو فاشیزمە ڕاستەوخۆ و ئاشکرا یە لەخیابان وکوچەکانی شارەکانی ئێران. بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ ساڵانە نزیک ١٠٠ هەزار ژن بە تاوانی بێ حیجابی یان دەرکەوتنی چەند تاڵێک لە قژیان لەلایەن دەزگا سەرکوتگەراکانی ڕژێمەوە دەستگیر دەکرێن و ڕەوانەی زیندانەکان دەکرێن. لەدوایی هاتنە سەر دەسەڵاتی فاشیزمی ئیسلامی لەئێران لەساڵی ١٩٧٩ ژنانی شاری تاران ناڕەزایەتی وخۆپیشاندانی هەزارەها کەسیان ئەنجامدا بۆ ڕەتکردنەوەی یاسایی بەزۆر سەپاندنی حیجاب و لچک، بەڵام ئەم فاشیزمە بەنەخشە بەرنامەیەکی درێژخایان هەرچی ژن و پیاوی ئازادیخوازو یەکسانیخواز هەبوو ڕاپێچی زیندانەکان دەکرد و دۆسییەی ساختەی بۆساز دەکردن دەستە دەستە لەسێدارەی دەدان، هەر بۆیە بەهەزارەها کەس ئاوارەبوون بەناچاری ئێرانیان بەجێهێشت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کە ڕژێم نەخشەی دژە ئینسانی خۆی بەرامبەر ئازادیخواز ویەکسانیخوازان جێبەجێ دەکرد بەتوندی، بەڵام ڕۆژ دوای ڕۆژ هێزی چینایەتی باشتر وشیاربۆتەوە وهێزی گەنجان و لاوانی کچان و کوڕان باشتر بەرەو بەئاگایی ئازادیخوازی هەنگاوییان ناوە. باشترین بەڵگەش ئەم ناڕەزایەتی یە جەماوەرییەی قۆناغی ئەم ساڵە کە زۆرینەی پێکهاتەی کچان و کوڕانی جوان و گەنج و لاوە. هەربۆیەشە سەرتاپای بەرپرسانی باڵایی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەژنۆیان شکاوە. بەپێی زانیاری ناوخۆی شارەکانی ئێران و ڕۆژ هەڵاتی کوردستان کە ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵکی ئێران کە زۆربەیان گەنجن، زیاتر لە ٥٠ شار و شارۆچکەی ئێرانی لە ٣١ دەڤەر و ناوچەی دا گرتۆتەوە. هەروەها تا ئەمڕۆ ٥٣ کەس قوربانیی بوون، و نزیکەی ٦٠٣ کەس بریندار بوون و بە هەزاران کەسیش دەست بەسەرکراون. کوژرانی دڕاندانەی 'ژینا ئەمینی' هۆکاری سەرەکی نەبووە و نییە بۆ ڕاپەڕینی ئەم خەڵکە. کوژرانی 'ژینا' تەنها بیانوویەکە بۆ ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم ناڕەزایەتییانە بەرامبەر دەسەڵات و کۆی سیستەمی دژە بەشەری ئێران سەرتاپایی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە لەڕوویی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی یەوە خەڵک بەکردار یاساکانی ئەم ڕژێمە ڕەت دەکاتەوەو بەرامبەری دەوەستێتەوە. کارە دروستەکە ئەوەیە هەریەکەمان ئەم هێزە تێکۆشانە جەماوەرییە بەهێز بکەین بۆئەوەی ببێتە لافاوێک بۆڕامالینی ئەم سیستەم ودەسەڵاتە فاشیزمە. هەرجۆرە پەرت کردنێک و دابەشکارێک لەوجۆرە بزوتنەوە جەماوەریدا خزمەت بە فاشیزمی ئیسلامی ئێران دەکات. جۆری دابەشکارییەکان وێڕای ئەوەی کۆنەپەستانەن لەهەمان کاتدا دواتر چەوسانەوە و دژەبەشەری بەجۆرێکی تر ئارایشت دەدەنەوە. بۆنموونە بەرگی نەتەوەیی وناوچەیی و دژەدینی پێدا بکرێت ئەمانە هەڵەیەکی کوشندەیە یان ئاراستەکردنی ناڕەزایەتی و سۆزی خەڵکی کوردستان بەرەو ململانێی جیاواز و دەوڵەتی جیاوازی تر جگە لە فاشیزمی ئیسلامی ئێران. واتە سەرقاڵ کردنی خەڵکی ناڕازی بۆئەوەی وزەی تێکۆشانیان دابەش بکەن. نموونە لەکاتێکدا موشەکباران و تۆپبارانی بارەگاکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەکرێت خەڵک دەکرێتە قوربانی و ئاوارە دەکرێت، لەهەمان کاتدا لەشارەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی ناڕەزایەتی درێژە پێدەدات و زیندانی ودەکرێت و دەکرێتە قوربانی، ئێمە بێین باسی جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ی حکومەتی عێراق بکەین و باسی هێرشی دەوڵەتی فاشیزمی تورکیا بکەین. هەرچەندە فاشیزم جیاوازییان نییە بەڵام خودی باسکردنی لەئێستادا ئاراستەی تێکۆشانەکان دەشێوێنێت و خزمەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات، لەلایەکی تریش هەموو لایەک باش دەزانێت کە خەڵکی کوردستان ناتوانێت لەیەک کاتدا شەڕی چوار دەوڵەتی ملهوڕی چەوسێنەر بکات کەهەریەکەیان خاوەنی سوپایەکی گەورەیە. لەساڵی ١٩٩١ هەتا ساڵی ٢٠٠٠ وێڕایی گەمارۆی ئابووری و سەربازی وبازرگانی بەهاوکاری ڕاستەوخۆی هێزی هەزارەها سەربازی ئەمریکا و بەریتانیا و هێزەکانی تر بەهێزی سەربازی مۆدێرن ئەوجا فاشیزمی بەعس ڕوخا بۆیە هەرجۆرە باسێک لەو جۆرە دەچێتە خزمەتی فاشیزمی ئیسلامی ئێرانەوە. بەشێک لەحیزبەکان بەناوی سۆزی کوردایەتی چوار پارچەیی جارێکیتر ئاو بەئاشی فاشیزم دا دەکەن. ڕێگا دروستەکە ئەوەیە کە لەقۆناغی ئێستادا خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەشەی پێدەدەن خەباتی یەکگرتووانەی جەماوەرییە، کە ئامانجیان ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی یە لەیاسا وسیستەم و دەسەڵاتی چەوسێنەرو فاشیزمی ئاخوندی ئێران، هەرئەمەشە سووتاندنی لچک وەک تێکشکاندنی بتەکانی فاشیزم بۆتە ڕەمزی تێکۆشانی کچان و ژنانی ئازادیخواز. لەناوخۆی شارەکانی ناوخۆی تورکیا و باکوری کوردستانیش دەتوانن دەست بە تێکۆشانی یەکگرتووانەی جەماوەری بەردەوام بەرن بەئاراستە و ئامانجی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لەجۆری سیستەم ودەسەڵاتی

بۆ لاپەڕە 14

# بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری

**بەشی چوارەم**

## کۆڵەکەکانی سەرمایەداری




گومانی تێدا نییە کە کۆمەڵگەی هاوچەرخ کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزو ئاوێتەیە. بە ملیارەها ئینسان لە میانەی پەیوەندیە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیە فراوان و هەمەچەشنەکاندا لە مامەڵەی هەمیشەییدان لەگەڵ یەکتری. تەکنەلۆجیا و بەرهەمهێنان مەودایەکی سەرسوڕهێنەریان پەیدا کردووە، ژیانی فیکریی و کەلتووریی مرۆڤی ئەمڕۆ، هەروەک گرفت و مەینەتیەکانیشی، فراوان و هەمەجۆرە. بەڵام ئەم هەموو ئاڵۆزیە تەنها کۆمەڵێک حەقیقەتی سادە و ئاسان لەبەرچاو ون دەکەن کە بنەمای ئابوری و کۆمەڵایەتی جیهانی سەرمایەداری پێک دەهێنن.

بناغەی نیزامی سەرمایەداری، وەکو هەر نیزامێکی چینایەتی تر، چەوساندنەوەی بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆیە، واتە دەستبەرسەرا گرتنی بەشێک لە بەرهەمی کاری ئەوان لەلایەن چینە دەسەڵاتدارەکانەوە. تایبەتمەندی هەر نیزامێکی کۆمەڵایەتی لە سەردەمە جیاجیاکاندا، بەدرێژایی مێژوو، لەو شێوازە تایبەتەدایە کە لەهەریەکێکیاندا ئەم چەوساندنەوەیە ئەنجام دەدرێ. لە سیستمی کۆیلەداریدا نە تەنها بەرهەمی کاری کۆیلە، بەڵکو خودی خۆشی موڵکی خاوەنەکەیەتی. کۆیلە بۆ خاوەنەکەی کار دەکات و لەبەرامبەردا لەلایەن ئەوەوە ژیانی دابین دەکرێ. لەنیزامی فیۆدالیدا ڕەعییەت بەشێک لە بەرهەمەکەی دەداتە خاوەن موڵک و ئاغا، وەیان چەند کات و ڕۆژێک بێگاری بۆ دەکات. چەوسانەوە لەنیزامی سەرمایەداریدا لەسەر بنچینەیەکی تەواو جیاواز ڕاوەستاوە.

لێرەدا بەرهەمهێنەرانی سەرەکی، واتە کرێکاران، ئازادن. موڵکی هیچ کەسێک نین، بە موڵک و زەویەوە نەبەستراونەتەوە و ژێردەستەی هیچ ئاغایەک نین. خۆیان خاوەنی لەش و هێزی کاری خۆیانن و هەرخۆیان خاوەن بڕیارن تیایدا. بەڵام کرێکاران لەم نیزامەدا لەڕوویەکی تریشەوە "ئازاد"ن. واتە ئەوان خاوەنی هیچ جۆرە ئامڕازێکی کار و بەرهەمهێنان نین و بۆ دابینکردنی بژێوی خۆیان ناچارن کە لەبەرامبەر کرێدا هێزی کاری خۆیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە چینی سەرمایەدار، واتە ئەو کەمینە بچووکەی کە هۆیەکانی بەرهەمهێنانیان لەدەستدایە و پاوانیان کردووە، بفرۆشن و دواتر پێداویستیەکانی گوزەران و ژیانی خۆیان، کە هەر بەدەستی خۆیان بەرهەم هێنراوە، لەبازاڕدا لە سەرمایەدار بکڕنەوە. بەکاڵابوونی هێزی کار لە لایەک و لەلایەکی ترەوە خاوەندارێتی تایبەتیی چینی سەرمایەدار بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، ئەمانە کرۆکی سەرمایەداری و بنچینەی چەوساندنەوە پێکدەهێنن لەم نیزامەدا. لەسایەی هەر نیزامێکدا، ناکرێ بیر لە بوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و خودی مانەوەی ئینسان و دابینکردنی پێداویستیەکانی بکرێتەوە، بە بێئەوەی کە هێزی کاری زیندووی ئینسانەکان ئامڕاز و هۆیەکانی کار بخاتە گەڕ و بەرهەمی نوێ بخوڵقێنێ. بەڵام لە نیزامی سەرمایەداریدا هێزی کار و هۆیەکانی بەرهەمهێنان بە دیواری خاوەندارێتی تایبەتی لێک جیاکراونەتەوە. بوونەتە ئەو کاڵایانەی کە خاوەنەکانیان دەبێ لە بازاڕدا لەگەڵ یەکتری ڕووبەڕوو ببنەوە. ڕواڵەتی مەسەلەکە ئەوەیە کە خاوەنی ئەم کاڵایانە لە بازاڕدا دەکەونە سەودایەکی هاوسەنگ و ئازادەوە. کرێکار هێزی کارەکەی بۆ چەند سەعاتێکی دیاریکراو بە سەرمایەدار، واتە خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان، دەفرۆشێ و لەبەرامبەر ئەمەدا کرێ وەردەگرێ. سەرمایەدار، هێزی کار ئەخاتە گەڕ، بەکاری ئەهێنێ، وە سەرەنجام بەرهەمی نوێ بەرهەم دێنێ. ئەم کاڵایانە لە بازاڕدا دەفرۆشرێت و ئەو پارەیەی کە بەدەستدێت دەبێتە سەرمایە و سەرلەنوێ سووڕی بەرهەمهێنان دەستپێدەکاتەوە.

بەڵام لەودیوی سەودای بەڕواڵەت هاوسەنگی کار و سەرمایەوە، نایەکسانیەکی بنەڕەتیی خۆی حەشارداوە کە چارەنووسی هەموو مرۆڤایەتی ئەمڕۆ دیاری دەکات و ڕزگاری و ئازادی کۆمەڵگە بەبێ ڕزگاربوون لەم نایەکسانیە مەیسەر نابێ. کرێکار بەو کرێیەی کە وەری دەگرێ تەنها ئەو شتە بەدەست دێنێتەوە کە فرۆشتوویەتی، واتە توانای کارکردن و سەرلەنوێ گەڕانەوەی بۆ بازاڕی کار. چینی کرێکار بە کاری هەرڕۆژەی تەنها کرێکار بوونی خۆی، وە مانەوەی خۆی وەکو فرۆشیاری هەمووڕۆژەی هێزی کار زامن دەکات. بەڵام سەرمایە لەم نێوەدا کەڵەکە دەبێت و پەرەدەسێنێ. هێزی کار هێزێکی خوڵقێنەرە. بەهای تازە بۆ کڕیارەکەی بەرهەم دێنێ. بەهای ئەو بەرهەم و شمەکانەی کە هەرجارێک لەلایەن چینی کرێکارەوە بەرهەم دێت زیاترە لە کۆی ئەوبەشەی بەو دەبڕێ و ئەوبەشەش لە بەرهەمهێنان کە بۆ دەست پێیاهێنانەوەی ئەو هۆیانەی بەرهەمهێنان خەرج دەکرێت کە بەکار براون یان سەرف کراون. ئەم زێدەباییە، کە خۆی بەشێوەی خەروارێک لە کاڵاکان نیشان دەدات، بەهۆی خاوەندارێتی چینی سەرمایەدار بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنانەوە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک دەچێتە کیسەی ئەوەوە و سەرمایەکەی هەرچی زیاترو زیاتر دەکات. هێزی کار لە میانەی ئاڵوگۆڕی لەگەڵ سەرمایەدا تەنها خۆی سەرلەنوێ بەرهەم دێنێتەوە. لەکاتێکدا کە سەرمایە لە ئاڵوگۆڕی لەگەڵ هێزی کاردا گەشە دەکات. توانای داهێنەرانەی هێزی کارو چالاکیی خوڵقێنەرانەی چینی کرێکار، خۆی لە شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەی تازە بۆ چینی سەرمایەداردا دەردەخات. هەرچی چینی کرێکار زۆرتر و باشتر کار بکات، توانای سەرمایە زیاد دەکات. توانای سەرسوڕهێنەری سەرمایە لە جیهانی ئەمڕۆدا و دەسەڵاتی ڕۆژلەڕۆژ زیاتری بەسەر ژیانی ئابوری و سیاسی و فیکریی ملیارەها دانیشتووانی سەرگۆی زەویدا، شتێکی تر نییە جگە لە ڕەنگدانەوەی ئاوەژووی توانای خوڵقێنەرانەی کار و جەماوەری بەرینی کرێکاران.

بەم جۆرە چەوسانەوە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، بەبێ هیچ کۆت و زنجیرێکی ئاسنین لە گەردن و دەست و پێی بەرهەمهێنەران، لە ڕێگەی بازاڕ و سەودای ئازاد و هاوسەنگی کاڵاکانەوە مەیسەر دەبێت. ئەمە تایبەتمەندیی بنەڕەتیی سەرمایەدارییە و لەڕووی جەوهەریەوە لە هەموو نیزامەکانی پێشووی جیا دەکاتەوە.

تێکڕای زێدەبایی بەدەستهاتوو لە چەوسانەوەی چینی کرێکار بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی بازاڕ وە هەروەها لە کەناڵی سیاسەتە دارایی و دراویەکانی دەوڵەتانەوە لە نێوان بەشە جیاجیاکانی چینی سەرمایەداردا بەشدەکرێت. قازانج و سوود و موڵکانە شێوە سەرەکیەکانی بەشی سەرمایە جیاجیاکانە لە بەرهەمی ئەم چەوسانەوە چینایەتیە. کێبەرکێی سەرمایەکان لە بازاڕدا بڕی هەر بەش و یەکە و دامەزراوێکی سەرمایەداری دیاری دەکات.

بەڵام کار بەمە کۆتایی نایەت. سەرجەم خەرجی دامودەزگای دەوڵەت و سوپا و سیستمی بەڕێوەبردنی بۆرژوازی، سەرجەم خەرجی دامودەزگا ئایدۆلۆژی و کەلتووریەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوایی و خەرجی ئەو ژمارە زۆرە لە ئینسانەکان کە لەڕێگەی ئەم دامودەزگایانەوە پارێزگاری و پاسەوانیی لە دەسەڵاتی بۆرژوازی دەکەن، هەر لەم سەرچاوەیەوە دابین دەکرێت. چینی کرێکار بە کارو ڕەنجی خۆی خەرجی چینی دەسەڵاتدار، خەرجی کەڵەکە بوونی ڕۆژلەدوای ڕۆژی سەرمایە و خەرجی باڵادەستیی سیاسی و کەلتووریی و فیکریی بۆرژوازی بەسەر خۆی و هەموو کۆمەڵگە دابین دەکات.

بە کەڵەکەبوونی سەرمایە بەردەوام قەوارەی خەرواری ئەو کاڵایانەی کە سەروەت و سامانی کۆمەڵگەی بۆرژوایی پێکدەهێنن زیاد دەکات. گەشەی هەمیشەیی و خێرای تەکنیک و چوونەسەری قەبارە و توانای ئامڕاز و هۆیەکانی بەرهەمهێنان کە چینی کرێکار لە هەر سووڕێکی تازەی بەرهەمهێناندا دەیانچەرخێنێ، ئاکامی حەتمیی پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرمایەیە. بەڵام بە بەراورد لەگەڵ مەودای پەرەسەندنی سەروەت و سامان و توانای بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە، چینی کرێکار هەمیشە بەشێوەیەکی ڕێژەیی بێبەشتر دەبێت. سەرەڕای ئەوەی کە ئەگەر بەشێوەیەکی ڕەها و یەکلایەنە سەیری بکەین، دەبینین کە پلە بە پلە و بەشێوەیەکی سنووردار ژیانی کرێکاران لانی کەم لە وڵاتە پێشکەتووەکاندا دەچێتە سەرەوە، بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە لە پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرمایەدا ڕێژەی بەشی چینی کرێکار لە تێکڕای سەروەتی کۆمەڵگە، بەخێرایی دێتە خوارەوە و قڵشتی نێوان ئاستی ژیانی چینی کرێکار و ستانداردە مومکینەکانی ئاسایش و خۆشگوزەرانی، کە بە هەوڵ و تەقەلای خودی ئەو وەدی هاتوون، قووڵتر دەبێتەوە. هەرچی کۆمەڵگە سەروەتمەندتر دەبێت، ئەوەندەیتر کرێکار تیایدا بەشێکی مەحرومتر پێک دەهێنێ.

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و چوونەسەری ئاستی بەرهەمهێنان و توانای بەرهەمهێنانی کار، بە مانای ئەوە دێت کە هەرچی زیاتر دەزگا و ئامێر و سیستمە ئۆتۆماتیکەکان جێگای هێزی کاری زیندوو بگرنەوە. لە کۆمەڵگەیەکی ئینسانی و ئازاددا ئەمە دەبێ بەمانای فەراهەمبوونی دەرفەتی زیاتر بێت بۆ هەمووان بۆ دەستئاوەڵابوون و چێژوەرگرتن لە ژیان. بەڵام لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، کە هێزی کار و هۆیەکانی کار تەنها کۆمەڵە کاڵایەکن کە سەرمایە بەمەبەستی وەدەستهێنانی قازانج بەدەستیەوە گرتوون، جێگرتنەوەی ئینسان بە ئامێر دەبێتە مایەی بێکاری و بێکارسازیی هەمیشەیی بەشێک لە چینی کرێکار و بێبەشبوونیان لە دەرفەتی دابینکردنی گوزەران. پەیدابوونی لەشکرێکی زەخیرە لە کرێکارانی بێکار، کە تەنانەت دەرفەتی فرۆشتنی هێزی کاری خۆشیان نییە، ئاکامێکی حەتمیی ڕەوتی کەڵەکەی سەرمایەیە کە لەهەمان کاتدا خۆی یەکێک لە مەرجەکانی بوون و مانەوەی نیزامی سەرمایەداریش دابین دەکات. بوونی سوپایەکی زەخیرەیی لە بێکاران، کە لە بنەڕەتدا ئەرکی بەڕێوەچوونی ژیانیان دەکەوێتە ئەستۆی بەشی لەسەرکاری خودی ئەم چینە، کێبەرکێ لەنێو چینی کرێکاردا پەرەپێدەدات و کرێ لەئاستێکی هەرچی کەمتردا ڕادەگرێ. ئەم سوپای زەخیرەیە ئەو دەرفەتەش بە سەرمایە دەدات کە بڕی ئەو هێزی کارەی کە دەیخاتە گەڕ بەپێی پێویستیەکانی بازاڕ کەموزیاد بکات. بێکاری، دەرهاویشتەیەکی لاوەکیی بازاڕ، یان ئاکامێکی سیاسەتی هەڵەی ئەم یان ئەو دەوڵەت نییە، بەڵکو بەشێکی سروشتی و جیانەکراوەی کارکردی سەرمایەداری و ڕەوتی کەڵەکەی سەرمایەیە.

قەیرانە ئابووریە ناوبەناوەکان بە ئاکامە ترسناک و ماڵوێرانکەرە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیانەوە، بەشێکی جیانەکراوەی نیزامی سەرمایەدارین. ئەم قەیرانانە لە بنەڕەتدا لە ناکۆکیەکی بنچینەیی هەناوی خودی پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرمایەوە سەرچاوە دەگرن: لە کاتێکدا کە کار سەرچاوەی قازانج و زێدەباییە، ڕەوتی کەڵەکەبوونی سەرمایە و گەشەی حەتمیی تەکنیک، بە بەردەوامی ڕێژەی هێزی کار بە بەراورد لەگەڵ هۆیەکانی بەرهەمهێنان دێنێتە خوارەوە. زێدەبایی

بۆ لاپەڕە 14



## نەوزاد مامۆستا عومەر: بە تێکچوونی ئێران سەر لەبەری عێراق هەڵدەوەشێتەوە، ئەوەندەش نا؟ هەموو ناوچەکەش ئەگرێتەوە هەر بۆیە ئێران سەمامی ئەمانی بەرژەوەندی سەرمایەدارییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز "نەوزادی مامۆستا عومەر" نووسەر، سەبارەت بەهەلومەرجی سیاسی عێراق و پرسی پێکهێنانی حکومەت

**بۆپێشەوە: ئەم دواییانە گرژی نێوان رەوتی سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگی چووە ئاستێکی مەترسیدار و دەستبردن بۆ چەک و توندوتیژی، لە ئاکامدا ژمارەیەک لە خەڵک و لایەنگرانی سەدر کوژران، لاتان وایە ئەوە بەرەو شەڕی ناوخۆیی ناو ماڵی شیعی دەچێت؟**

**نەوزادی مامۆستا عومەر:** بێگومان عێراق وەک وڵاتێکی تازە دروستکراوی پاش شەڕی جیهانی یەکەم لەسەر بەرژەوەندی براوەکانی شەڕ دروستکراوە، نەک لەسەر بناغەی خواستێک کە بەرژەوەندی هاوڵاتیبوون و ئینتمابوون بۆ عێراق یەک پێناسەو یەک خاڵی هاوبەشی عێراقیەکان بێت. لەپاش داگیرکردنی عێراقیش لە لایەن ئەمریکاوەش هەر بەهەڵە ئەم وڵاتە لکێنراوە بە یەکەوە، و ئێستاش لەم سیستمە جیهانگیریە شتێک نەماوە ناوی دەوڵەت بێت، تەنها مانایەک مابێتەوە بۆ دەوڵەت سنوری سەر نەخشەیە و هیچی تر . قازانجی دەیان زلهێزی دونیا و وڵاتانی ئەقلیمی لە عێراقدا لە کێبڕکێن لە ڕێگەی چەند حیزبێک کە لە خەسڵەتدا کۆمپانیان . شەڕی ناوخۆیی شیعە و شیعە زۆر مومکنە وەک چۆن شەڕی کوردو کورد لە کۆتایی نەوەتەکانی سەدەی ڕابڕدوو چەند ساڵێکی خایاند. چونکە تەجروبەی حکومڕانی شیعە لە عێراقدا تەجروبەیەکی شکست خواردوو بوو بۆ شیعە پێش ئەوانی تر . سەدریەکان ئێستا کێشەی مەرجەعیان هەیە نەک کێشەی نیشتمان، بەرەی سەدر شەڕی مەرجەعی عێراقی بۆ شیعەی عێراق ئەکەن. ئەوەی تا ئێستا ڕێگربووە ئەو شەڕە ڕوونەدات ئێرانە، بەڵام ئێرانێک تا چەن ئەتوانێت بەردەوامی بە مانەوەی خوی بدات بەو گشت قەیرانانەوە کە لە ئێستادا لە ئاستی تەقینەوەدایە، لە ئێستادا چاوەڕوانی دەرئەنجامی کێشەناوخۆیی و پەیوەندییە دەرەکیەکانی ئێرانین بزانین بەکوێ ئەگات. بە تێکچوونی ئێران سەر لەبەری عێراق هەڵدەوەشێتەوە، ئەوەندەش نا؟ هەموو ناوچەکەش ئەگرێتەوە هەر بۆیە ئێران سەمامی ئەمانی بەرژەوەندی سەرمایەداریە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**بۆپێشەوە: کاریگەری دۆخی ئاڵۆزکاوی عێراق و ململانێکانی نێوان هێزە بۆرژوازییە عێراقیەکان، لەسەر کوردستان چۆن دەبێت؟**

**نەوزادی مامۆستا عومەر:** کوردستان بەرەی پشتەوەی جەنگە بۆ هەموو ئەو هێزانە، مۆڵگەی ساغکردنەوەی گرێبەست و قازانج و بەرژەوەندیەکانیانە، ئەگەرچی بەڕێزتان لە پرسیارەکە پێیان ئەڵێن بۆرژوازی، بەڵام من ئەو پێناسەیەم پێ هەڵەیە؛ چونکە بورژوازی دەرئەجامی پڕۆسەیەکی بەرهەمهێنانی مێژووە، ئەم هێزانە کومەڵە چەتەو ڕێگرن دەرئەنجامی سیستمی نیولیبراڵیزمن کە سەردەمی هیچ وپووچیە، خاوەنی هیچ جۆرە بەرهەمێنانێک نین لە هیچ بوارێکدا نە کشتوکاڵ نە لە پیشەسازی، کوردستانیش بەشێکە لەو سیستمە جیهانیە بێگومان وابەستەیە بەو دەرئەنجامەوە. کە هەمووجیهانیش ئێستا بەیەکەوە لە یەک قەیرانی گەورەی سەرمایەداریە، کوردستان نەک باشتر نیە لە عێراق، بگرە لە زۆر ڕووەوە خراپتریش.

**بۆپێشەوە: سەرباری ململانێی دەسەڵاتی ناوخۆیی نێوان هێزو لایەنە عێراقیەکان، کەچی گوشارەکانیان بۆ سەر دەسەڵاتی هەرێم بەردەوامە! بەتایبەتی لەسەر پرسی نەوت و غاز، چۆن دەڕواننە ئەو گوشارانە؟**

**نەوزادی مامۆستا عومەر:** زۆنی نەوت و غاز هەندێک جار بە زۆنی جەنگیش دێت لە دەستەواژەی سیاسەتدا کە کوردستانیش لە چوارچێوەی ئەو زۆنەیە، لە شەڕی هەشت ساڵەی عێراق ئێران تاکو ئەمڕۆ هەموو نەهامەتیەکانی ئەم زۆنە وابەستەیە بە هەوڵەکانی ئەمڕیکا بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم زۆنە، بە تایبەتی پاش یەک جەمسەری جیهان و نەمانی یەکیەتی سۆڤیەت، بە بۆچونی من دەسەڵاتی سیاسی هەرێم هەموو جوڵەکانی لەو بوارەدا بێگەڕاندنەوەی بۆ ئەمریکا ناکەن و نەیانکردوە ئەگەر چی هەڵەی یاسایی و تەکنیکی گەورە هەیە لە گرێبەستەکانی هەرێم، بەڵام تا ئێستاش بێمنەتن بە بەغدا چونکە پاڵپشتی ئەمڕیکایان هەیە. ئەو گوشارانە تەنها گوشاری سیاسین لەپێناو دەسکەوتی سیاسی زیاتر بۆ بەرەی دژە ئەمریکا، بە تایبەت ئێستا ئەمریکا لەقەیرانی سیاسی وئابووری گەورەدایە لەپاش کۆڕۆناوە نیشانەکای جوانتر دیارن، و دونیای تاک جەمسەری کۆتایی هاتووەو چین و ڕوسیاش وەک جەمسەری تازەو دژە ئەمریکا بەڕژەوەندی گەورەیان هەیە لە زۆنی نەوتدا بێگومان ئەوانیش جووڵەی خویان هەیە.

**بۆپێشەوە: رۆڵی دەستێوەردانی دەرەکی (ناوچەیی و جیهانی) لە عێراقدا، چ کاریگەرییەکی لەسەر هەلومەرجی عێراق هەیە و هۆکار چییە کۆمەڵگەی عێراق بۆتە سەرزەمینی ململانێی لایەنە دەرەکیەکان؟**

**نەوزادی مامۆستا عومەر:** عێراق هەمیشە جێگەی تەماحی جیهانی و ناوچەیی بووە لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان :- چونکە لە زۆنی نەوتە. دووەمیان :- جوگرافیای عێراق شۆێنێکی ستراتیجیەو خاڵی بەستنەوەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە. بەرژەوەندیەکانی عێراق تەنها بە پشت بەستن بە توانای زلهێزەکان توانراوە لەتەماحی هەردوو میراتگری عوسمانی و سەفەوی و یەکیەتی سۆڤیەت پارێزراوبێت، لە زەمانی پاشایەتی حیلفی بەغدا بۆ ئەم مەبەستە کرا. لەپاش داگیرکردنی ئەمریکاش پەیماننامە لەگەڵ ئەمڕیکا کرا بۆ هەمان مەبەست، بەڵام بەرەی شیعە وەک بەرەیەکی هاوپەیمانی ئێران و دژە ئەمڕیکا و هێزی یەکەمی عێراق و هۆکاری سەرەکین بە بنبەست گەیشتن و جێبەجێ نەکردنی ئەو هاوپەیمانیە. چونکە هەردوو لایەنی کوردی و سونی سودمەندن لەو هاوپەیمانیەتیە لەگەڵ ئەمریکا.

بۆپێشەوە: ململانێی نێوان هێز و حزبە بۆرژوازییەکانی عێراق وا نیشان دەدرێت کە **لەسەر چۆنیەتی شێوازی جیاوازە بۆ پێکهێنانی حکومەت، لەوانە ململانێ لە نێوان" حکومەتی هاوبەش و بەش بەشێنەو تەوافوقی" لەلایەک و " حکومەتی زۆربە و نیشتیمانی" لەلایەکی ترەوە، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**نەوزادی مامۆستا عومەر:** ئەم نوخبەیە نزیکەی بیست ساڵە لەحوکمدان بەتەوافق یان بەزۆڕینە، هەمان شتە، چونکە بەتاڵن لە هەموو مۆڕاڵێکی سیاسی و مرۆڤ دۆستی، و خاوەی هیچ پڕۆژەیەکی سیاسی نین تەنها بەشێکن لە ئەجیندایەک بۆ خزمەتی سیستمی سەرمایەداری نیولیبڕالیزم، چونکە لە ئەسڵدا لە قاموسی ئەم نوخبەیە شتێک نیە ناوی بەرژەوەندی عێڕاق بێت. تەنها لە یەک خاڵدا بۆ ئەوان عێڕاق بوونی هەیە چۆن بیدۆشن!

ئەم نوخبەیە نزیکەی بیست ساڵە لەحوکمدان لە عێراق بەتەوافق یان بەزۆرینە، هەمان شتە، چونکە بەتاڵن لە هەموو مۆڕاڵێکی سیاسی و مرۆڤ دۆستی، و خاوەی هیچ پڕۆژەیەکی سیاسی نین تەنها بەشێکن لە ئەجیندایەك بۆ خزمەتی سیستمی سەرمایەداری نیولیبڕالیزم، چونکە لە ئەسڵدا لە قامووسی ئەم نوخبەیە شتێك نیە ناوی بەرژەوەندی عێراق بێت. تەنها لە یەك خاڵدا بۆ ئەوان عێراق بوونی هەیە چۆن بیدۆشن!

**بۆپێشەوە: ئاییندەی سیاسی کوردستان، لە سایەی دۆخی ئێستای عێراقدا چۆن دەبێت؟**

**نەوزادی مامۆستا عومەر:** جیهانی سەرمایەداری لەم قۆناغی جیهانگیری و نیولیبڕاڵیزمەدا لە ڕێگەی ئەو پێشکەوتنەی کە لە بواری دیجیتال و دونیای ڕەقەمی و سمارتدا بەدەستی هێناوە کۆنترۆڵی زۆر شتی کردوە، بەڵام قەیرانەکانی ئابووری وسیاسی و ژینگەیی هێندە زۆرە کە چی تر جیهان لە وزەیدا نەماوە و گۆڕانکاڕیش بوەتە کارێکی حەتمی و پێویست. بێگومان کوردستان و عێڕاقیش بەشێک ئەبن لەو گۆڕانکاریانە، چونکە قەیرانەکانی ئێستای عێراقیش بەشێکن لەقەیرانی سەرمایەداری جیهانی.

**بۆپێشەوە: ئاییندەیەکی باش بۆ کۆمەڵگەی عێراق لە گرەوی چی و چ جۆرە حکومەتێکدایە؟**

**نەوزادی مامۆستا عومەر:** مێژووی مرۆڤایەتی لەسەردەمی ناسیونالیزم و دەوڵەتی نەتەوە بەراوود بە سەردەمی ئیمپڕاتۆرەکان هەم تەمەنی کورت ترەو هەم سەردەمێکی پڕ لەشەڕو نا سەقامگیڕیە. نموونەی زیندوویش هەردوو شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم کە ڕەوتی ناسیونالیزم هۆکاری جەنگەکان بوون، ناسیونالیزم وەک پرسێکی سیاسی دوو سەرەیە و هاوشێوەی گیان لەبەری حەربا دەیان شێوە و سیما ڕەنگ لەگەڵ پێویستی ژینگە سیاسیەکە ئەکاتە بەر خۆیی، و ڕەوتێکی سیاسی کۆنکرێتی نییە، خەونی سیاسی دژە یەکی لە خۆ گرتووە، ناسیونالیزم لە عێڕاق لە پاش کودەتایی ١٩٥٨وە بەتایبەت لە سەردەمی بەعس تا ئاستی فاشیزمیش ڕۆشتوە، بە هەمان شێوە ناسیونالیزمی سیکیۆلاری تورکی و ناسیونالیزمی ئێڕانی شیعەگەرایی دوو پڕۆسەی شکستخواردووی هەمان پڕۆسەی سیاسی ناوچەکەن. ناسیۆنالیزم نەک نەیتوانی ببێتە پڕۆسەیەکی سیاسی بۆ خۆشگوزەرانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵات، بە پێچەوانەوە هۆکاری ناعەدالەتی و ماڵوێرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، لەم نێوەندەشەدا میللەتی کورد گەورەترین قوربانی دەستی ناسیۆنالیزم بووە بە ناسیونالییزمی کوردیشەوە. لە ئێستادا تەنها حکوومەتێک ئەتوانێت زەمانەتی ئاسایشی ناوچەکە بێت ئەویش حکومەتی هاوڵاتی بوونە لەسەر بنەمای ئەرک و ماف، حکومەتێکی سیکولار، بتوانێت دین لە دەوڵەت جودا بکاتەوە ،سیاسەتی ئابووریەکەی دژە بازاری ئازاد ببێت، بازار کۆنترۆڵی لە دەستی دەوڵەت بێت نەک کۆمبانیاکان. لەڕێگەی گەڕانەوەی هێز و هەیبەتی دەوڵەت بەسەر دامەزراوە ئابووری و خزمەتگوزارییەکانەوە، کە حکومەت لە تەماشاکارەوە ببێت بە بکەرێکی چالاک و کاری سنووردارکردنی ئابووری و ماڵی ئازاد بێت بە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی بەرامبەر کاڵای هاوردە. بە گشتی کردنەوەی ئابووری خزمەتگوزاریەکان دەرهێنانی لە چنگی چینی سیاسی بۆرژوازی بۆ ئەوەی بتواندرێت لە خزمەتی هەموو هاوڵاتیەکانی بێت

میللەتی کورد گەورەترین قوربانی دەستی ناسیۆنالیزم بووە بە ناسیونالییزمی کوردیشەوە. لە ئێستادا تەنها حکوومەتێك ئەتوانێت زەمانەتی ئاسایشی ناوچەکە بێت ئەویش حکومەتی هاوڵاتی بوونە لەسەر بنەمای ئەرك و ماف، حکومەتێکی سیکولار، بتوانێت دین لە دەوڵەت جودا بکاتەوە...



## بەڵێن ئیسماعیل: ئەم بەناو هەڵبژاردنەی لە بنەڕەتەوە هەوڵێك بوو بۆ دەربازکردنی چینی دەسەڵاتداری عێراق بە حوکومەتە فاشیلەکەیان لەو قەیرانە سیاسی و ئابورییە قوڵەی کە یەخەگیری بۆرژوازی عێراقی بووە

**دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز بەڵێن ئیسماعیل چالاکوانی سیاسی سەبارەت بەهەلومەرجی سیاسی لەعێراق و پرسی پێکهێنانی حکومەت...**

**پێشەکی بۆ بەڕێوەبەرانی بڵاوکراوەی بۆپێشەوەی ئازیز و بەڕێز دوای سڵاو خۆشەویستیم بۆتان بۆ پرسیارەکانتان لە من زۆر سوپاستان ئەکەم.**

**بۆپێشەوە: زیاتر لە ساڵێکە هەڵبژاردنی پێش وەختە لە ژێر گوشاری جەماوەریدا کراوە، بەمەبەستی پێکهێنانی حکومەتێک کە وەڵام بەلانی کەمی گرفتەکانی عێراق بداتەوە، کەچی تا ئێستا نەتوانراوە حکومەت پێکبهێنرێت، هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**بەڵێن ئیسماعیل:** بە بڕوای من ئەم بەناو هەڵبژاردنەی لە بنەڕەتەوە هەوڵێک بوو بۆ دەربازکردنی چینی دەسەڵاتداری عێراق بە حوکومەتە فاشیلەکەیان لەو قەیرانە سیاسی و ئابورییە قوڵەی کە یەخەگیری بۆرژوازی عێراقی بووە. هەوڵێک بوو بۆ پاشەکشەپێکردن بە بزووتنەوەی نارەزایەتی فراوانی جەماوەری ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٩ کە حکومەتی عادل عەبدولمەهدی ناچار بە هەڵوەشانەوە کرد. تەواوی ئەم هێزە مافیا گەندەڵ و جەردانەی لە عێراق و کوردستاندا کە بەهێزی میلیشیا نوێنەرایەتی دەسەڵاتی سیاسی دەکەن، وێنایەکی نمونەیی ئەوپەڕی ڕیسواییین لە شێوازدان بە چوارچێوەی حوکمرانیەکی تایبەت لە ناوچەکەدا، تا ئەو ئاستەی تەواو ناکۆکن بەو ئاڵوگۆڕانەی پێویستە پێشبینی بکرێت بۆ ناوچەکە بە ئاراستەی دابینکردنی ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری، بە مانایەک گەر پرۆژەی ئارامی سیاسی و دابینکردنی ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری پێداویستیەکی ناچاری بێت، ئەوە بەڵگەنەویستە کە تەواوی ئەو هێزانەی چەندین ساڵە لە شانۆی سیاسی عێراقدا وەک هێزی میلیشیا سەپێنراون، ئێستا کەوتونەتە بەر چارەنوسێک بۆ خۆشیان ڕۆشن نییە ئایندەی سیاسی و مافی دەسەڵاتداریەتیان تاکەی بڕدەکات و بەرەو کوێیان دەبات.

**ئەوە بەڵگەنەویستە کە تەواوی ئەو هێزانەی چەندین ساڵە لە شانۆی سیاسی عێراقدا وەك هێزی میلیشیا سەپێنراون، ئێستا کەوتونەتە بەر چارەنوسێك بۆ خۆشیان ڕۆشن نییە ئایندەی سیاسی و مافی دەسەڵاتداریەتیان تاکەی بڕدەکات و بەرەو کوێیان دەبات ...**

**بۆپێشەوە: گرفتی سەرەکی کۆمەڵگەی عێراق پێکنەهێنانی حکومەتە؟ یان لەوە قوڵترەو ریشەی لە گرفتی قوڵتردایە؟**

**بەڵێن ئیسماعیل:** ئەم کۆمەڵگەیە ساڵەهایە هەر وەکو تونس و میسر ولوبنان، بەدەست زوڵم و زۆرو ستەم و سەرکوتێکی لە ڕادە بەدەرەوە دەناڵێنێ. پێشتر ئیستبدادی بەعس و ئەم ساڵانەی دوایش ملهوڕی ئەمریکاو دەسەڵاتی لایەنە ناسیونالیستیە کوردو عەرەب و ئیسلامیەکان، دانیشتوانی عێراق و کوردستانیان لەگەڵ تەڵخترین سیناریۆکاندا بەرەوڕوو کردووە. ساڵەهایە نارەزایەتی و نەفرەتێکی زۆر لەو هەلومەرجەی کۆمەڵگەی داگرتووە و جەماوەری بەرینی ستەمکێش خوازیاری ئاڵوگۆڕن. بێگومانیش لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقیشدا، ناهاوتاییەک هەم لەڕادەی پەرەسەندنی خەباتی جەماوەری و هەم ڕادەی سەقامگیربوونی سەرکوتی دەسەڵاتی میلیشیاییدا هەیە. بەڵام نە لە کوردستان و نە لە عێراق؛ ئەو دەسەڵاتە ناوچەییانە نەیتوانیوە هەموو لێکهەڵپێکراوی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت فکری، نێوان دانیشتوانی ئەم ناوچانە بپچڕێنن. بۆیە لەهەموو ڕوویەکەوە لەژێرکاریگەری یەکتردان و هەر ئاڵوگۆڕو دەستکەوت و پێشڕەویەک لەهەر گۆشەیەکی کۆمەڵگەدا بێت، کاریگەری لەسەر سەراسەری ئێراق دادەنێت. بۆ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیش لە عێراقدا دەبێ لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە و هەموو کۆڵەکە ناوچەییەکانیدا حیساب یەکلابکرێتەوە..

**بۆپێشەوە: نەک سەرجەم بۆرژوازی عێراقی ریزەکانیان لێکترازاوە، بەڵکو خانەوادەی یەک بزوتنەوەی سیاسیش لەناو خۆیاندا پارچە پارچە و شەق بوون، "خانەوادەی شیعەی سیاسی" خانەوادەی بۆژوازی سونە" خانەوادەی بۆرژوازی کورد" هۆکاری ئەم پارچە پارچە بوونە چییە؟**

**بەڵێن ئیسماعیل:** لەدوای روخانی حکومەتی بەعسەوە لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٣دا، لە سەردەستی ئەمریکاو بەریتانیاو هاوپەیمانەکانیان، ڕاستەوخۆ کە دەسەڵاتدارێتی ئیئتلافی کاتی دانرا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری عێراق. دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی، کە لە پێشدا گارنەرو دواتر پاش مانگێک پۆڵ بریمەر بوو بە بەرپرسی، لەباری تەنفیزی و قانون گوزاری و قەزاییەوە دەسەڵاتی موتەڵەق و هەمەلایەنەی هەبوو، هەروەها بەپیی بڕیار هێزی سەربازی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بوون بە یاریدەدەری هاوپشتی ئەم دەسەڵاتە. ئەم دەسەڵاتە دواتر لە بڕیاری ١٤٨٣ی ئەنجومەنی ئاسایشدا تەئید کرا. ئیدارەی ئیحتلال، کە دەسەڵاتێکی موتڵەقی هەبوو، هەرلەسەرەتایی دامەزراندنیەوە، کۆکتێلێک لە قەومپەرستان و ئیسلامی سیاسی و عەشائیرەکانی پێکەوە گردکردەوە بۆ پێکهێنانی حکمومەتێکی وابەستەی خۆی لە عێراق، ئەم هەلومەرجە زادەی واقعیەتی پرۆسەی پاشەکشەو شکستی ستراتیژو سیاسەتەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا. لەهەمان کاتدا مەسەلەیەک، کە زۆر ڕۆشن و بەرچاوە، لەلایەک تەواوی ئەو هێزە سیاسیانەی چارەنوسی عێراق و کوردستانیان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی باڵادەستی هێزە میلیشیاکانیانەوە، و پێکهاتەیەکن لەو هێزانەی بەدوای هەردوو جەنگی کەنداودا، بەدوای کۆکردنەوەی پاشماوەی کارەساتەکانی ئەوجەنگانەوە بوون، هەر بەو ڕێگەیە لەناو چوارچێوەی ڕەوتی تالانی و گەندەڵی و قۆرخکردنی سەروەت و ساماندا، کۆمەڵگەیان بەڕێوەبردووەو لەقاڵبداوە. لەلایەکی ترەوە تەواو ملکەچ و پێشخزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکەبوون وەک تورکیا و ئێران، کە گەورەترین ڕۆلیان بینیوە لە بێئیرادەکرن و شکۆشکاندن و گۆشەگیرکردنی دەوری خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسیدا، بە سەپاندنی دەستەوتاقمی مافیاو تاڵانچی و میلیشیای ئیسلامی و تائفی و نەتەوەپەرستی، تا ئەو خەڵکە نەتوانن دەوری بەرجەستەیان هەبێت لە دەخالەتی ڕاستەوخۆ بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و دابینکرنی دەسەڵاتی خەڵک. بۆئەوەی فراوانترین زەمینە برەخسێنن لە دەستپێشخەری و داهێنان لە گەندەلی و تاڵانچێتیدا. ئەمەش نمونەی ئاکامی ئەو دەخالەتەیە، کە دەوڵەتی ئەمریکا و هەر وڵاتێکی ئیمپریالیستی باڵادەستی بەسەر دانیشتوانەکەیدا لە هەر وڵاتێکدا دەیسەپێنێت.

**بۆپێشەوە: موقتەدا سەدر بانگەوازی وازهێنانی کرد لە کاری سیاسی، هۆکاری ئەمە چییەو سەدر بەو بڕیارەی بەدوای چیەوەیە؟**

**بەڵێن ئیسماعیل:** سەدر رابەرێتی ناسیونالیستی شیعی عەرەبییە. سەدر لەپەیامەکەیدا، مافی خاوەندارێتی شیعیزم وەک ئایدیۆلۆژیا و وەک مەزهەب و وەک پرۆژەی سیاسی لە ئێرانییەکان دەسەنێتەوە و لەبەرامبەریشدا عەرەب و نەجەف وەک خاوەنی ئەسڵی شیعیزم دەناسێنێت، هەڵبەت، لەناو دێڕی پەیامەکەیدا ئەوەش بەڕوونی دەبینرێت کە ئەو شایستەترین رابەر و بیریاری ئەو شیعیزمەیە. سەدرێکی فرە کەسایەتی دەبینرێت. ئەم فرە کەسایەتییەی سەدر رەنگدانەوەی خەونە ئەزەلییەکەیەتی، کە خۆ-وێناکردنە بە پادشای سیاسی و باوکی رۆحی شیعەکان. بۆ ئەم مەبەستەش سەدر پێویستی بە بەرەوتی سەدری کردنی کۆی پەیوەندی خۆی و کۆمەڵگای شیعی و عێراقییە. بەو واتایەی، کە چۆن لەناو رەوتی سەدردا، پەیوەندی هەواداران و لایەنگرانی رەوتەکەی لەگەڵ خۆیدا پەیوەندی بەیعەت و تاعە و گوێڕایەڵییەتێکی رەهایە، سەدر دەیەوێت هەمان پێوەندی بگوازێتەوە بۆ کایەی فراوانی کۆمەڵگە.

**بۆپێشەوە: ئایندەی ململانێی ئێستای سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق بەرەو کوێ دەچێت و رۆڵی جەماوەر دەبێ چی بێت؟**

**بەڵێن ئیسماعیل:** بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بۆ ئەوەی بە ئاکام بگات و جەماوەری خۆشباوەرکراو بە رەوتە سیاسیەکانیش بێدار بکاتەوە، لە گرەوی ئەوەدایە بەسەر لاوازییەکانی خۆیان زاڵ ببێت، بەدەستبردن بۆ رێکخراوبوون لە ژێر ئاسۆی سۆشیالیستیدا، ببێتە بەدیلی رەوتە بۆرژوازییەکان و جێگا ئومێدی چینی کریکار و سەرجەم جەماوەری بێبەش.

**بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بۆ ئەوەی بە ئاکام بگات و جەماوەری خۆشباوەرکراو بە رەوتە سیاسیەکانیش بێدار بکاتەوە، لە گرەوی ئەوەدایە بەسەر لاوازییەکانی خۆیان زاڵ ببێت، بەدەستبردن بۆ رێکخراوبوون لە ژێر ئاسۆی سۆشیالیستیدا...**

## درێژەی....گەشاوەیە تێکۆشانی جەماوەری خەڵکی ئێران...

چەوسێنەری فاشیزم. بۆ عێراق وباشووری کوردستانیش بەهەمان شـێـوەی دەتـوانـن وەک خـوێـنـدنـگـایەک سـەیـری ئەم تێکۆشانەجەماوەرییەی شارەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن و سوود لەتەجروبە و خاڵەبەهێزەکانی ئازادیخوازییەکانیان وەربگرن. تێکۆشانی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران جوانترین وباشترین جۆری تێکۆشانە لەبەرئەوە نییە زۆرینەی ژنان بەشدارە، بەڵکو لەبەرئەوەیە زۆرینەی کە بەشدارە لەو تێکۆشانە بەئاسـتـی وشـیـاری بەرزەوە بەگژ هەبـوونـی یـاسـا بەزۆر سەپێندراوەکانی چەوسانەوە ونایەکسانیدا دەچنەوە. خودی ئەم جۆرە وشیارییە جەماوەرییە گرینگی زۆری هەیە نەک بۆ ئێستای تێکۆشان، بەڵکو بۆ دوایی ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەکۆمەڵگەدا. ئەم جۆرە تێکوشانە بەکردار جیاوازە لە تێکۆشانە جەماوەرییەکانی تر هەرئەمەش نیشانەی هێنانەدی کۆمەڵگایەکی نوێتر و باشتری لێ چـــــــاوەڕوان دەکـــــــرێـــــــت.
لەوانەیە ئەم گورز و ڕاچڵەکێنە جەماوەرییە نەتوانێت ڕژێم بڕوخێنێت، بەڵام ڕەوتی بزوتنەوەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی زۆر باشتر لەڕابردوو دەبێتە سونەت وپێگەی جەماوەری خەڵک بەکرداری پیادەکردنی ڕۆژانەیان. هەرئەمەشە نەک بەرپرسانی فاشیزمی ئاخوندی ئیسلامی ئێران، بەڵکو گەجەرو کۆیلە و ئیتلاعات و جاسوس و هاوکارانیشی لەدەرەوەی ئێرانیشی شپرزەو شێواو کردووە، هەرئەمەشە وای لە بەشێک لە کۆنەپارێزو کۆیلە و هاوکاران و جاسوسانی لەباشووری کوردستان کردووە کە نەتوانن کەمێک خۆڕاگربن لەدەربڕینی سۆزو وەفادارییان بۆ فاشیزمی ئاخوندی ئیسلامی ئێران و بەپەلە پڕوزێ دەستیان بە هاوارو ناڵە ناڵەی بەرگریکردن لەوفاشیزمە دژە ئینسانییە کردووە. خودی بەرگری کردن لەئازادی هیچ سنوورێک ناناسێت کاتێک لەچێوارچێوەی مافی مرۆڤایەتی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. ئەوەی لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوودەدات جوانترین و باشترین جۆری تێکۆشانی ژنانە بۆ هێنانەدی ئازادی لەچوارچێوەی مافی مرۆڤایەتی. هەبوونی لچک و سەرپۆش بەئازادی مافی هەر ژنێکە، بەڵام کاتێک لچک و سەرپۆش دەکرێتە زۆرە ملێ وسیاسی زۆر دڕندانەو دژە ئینسانی یە. لە فەڕەنسا و ئەوروپا ئازادانە ژنان وکچان دەتوانن لەچک و حیجاب بپۆشن لەشوێنە گشتی و ناوبازاڕ بەئارەزومەندانەیە لەبەرئەوەی دین لەدەوڵەت جیاکراوەتەوە وەک کاری شەخسی وکەسی چاوی لێ دەکرێت، بەڵام لەئەفغانسان و ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرجیاوازە وبە زۆرەملێیە، نەپۆشینی لەچک وحیجاب سزایی زیندانی و ئەشکەنجەدانی لەسەرە ئەمەیە دەسەڵاتی وەحشیکەری و دژە ئینسانی. پێویستە هەر مرۆڤێک کە باوەڕی بەهەبوونی ئازادی و مافی مرۆڤ هەیە لەبەرامبەری بەزۆر سەپاندنی هەر یاسایەک کە مرۆڤەکان ڕاپێچی چەوسانەوە وئازارو ئەشکەنجە وبێ مافی دەکات بوەستنەوە. بەزۆر سەپاندنی حیجاب و لچکیش واتە ئازاردان وبێ مافی کردن دێت ئەرکی هەر مرۆڤێکە دژایەتی بکات و خاوەن هەڵوێستی ئینسانی بێت. کەم تەرخەمی یان دژایەتیکردنی تێکۆشەرانی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر هەر جۆرە بیانوێکدا بێت نیشانەی بەرگریکردنە لەکۆنەپارێزی وچەوسانەوە و گەشەدانی ملهوڕییەکانی دژە ئینسانی، کەفاشیزمی ئاخوندی ئیسلامی ئێران لەناوچەکەدا ڕابەرایەتی دەکات. پێویستە تێکۆشانی جەماوەری یەکگرتووانە لەبەرامبەریدا بەهێز بکرێت بۆئەوەی لمۆزو ملهوڕییەکانی دەسەڵاتی وەحشیگەرییەکانی ئەو جۆرە فاشیزمە کۆتایی پێ بێت، ژنان و پیاوان ئازاد و بەرابەر ویەکسان ژیان بگوزەرێنن. کە ٤٢ساڵە لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان فاشیزمی ئیسلامی بەزۆرە ملێ و ملهوڕی یاسا چەوسێنەرو دژە ئینسانییەکانی پیادە دەکات و گەنجان و لاوانی تێکۆشەر لەسێدارە دەدات و کۆڵبەرانی زەحمەتکێش ڕاستەوخۆ دەکوژێت، بەڵام هەرگیز نەی توانیووە ئەم سونەت و یاسا دژە بەشەرییانە بکاتە سونەتی جێبەجێ کردنی ئازادانەی خەڵک، ئەمەش نیشانەی گەشەی ئاستی وشیاری کچان و ژنانە وگەشەی وشیاری پیاوانی وشیارە کە یاسا زۆرەملیەکان ڕەت دەکەنەوە ئەوەش مافی خۆیانە دەبێت هاوپشتیان بین دڵسۆزانە بۆ ڕاماڵینی دەسەڵاتی چەوسێنەر و سەرکوتگەر لەتەواوی ڕۆژ هەڵاتی کوردستان و ئێران. لەدوایی ڕاماڵین خەڵک دەتوانن باشترین بەدیل و ئەڵتەرناتیڤی ئینسانی بۆ ئیدارەدانی کۆمەڵگە دەست نیشان بکەن، خەڵک باشترە لەدوایی ڕوخانی ئەم فاشیزمە خۆیان لەڕێگای شوراکانی خۆیانەوە لەگەڕەک و شوێنی کارکردنیانەوە کۆمەڵگە بەڕێوەبەرن، حکومەتی شورایی دابمەزرێنن هەر خودی خەڵکیش زۆر بەکراوەیی و ئازادانە دەتوانێت چاودێری جۆری ئیدارەدانی شورایی بکات...

## درێژەی....بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری..

بەرهەمهاتوو، تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی ڕەها و یەکلایەنەش ڕوولە زیادبوون بێت، بە شێوەی ئاسایی ناتوانێ هاوشان لەگەڵ چوونەسەری هەمیشەیی ئەو سەرمایەیەی کە دەخرێتە کارەوە زیاد بکات. تێکڕای قازانجی سەرمایە ، بەپێی یاسا مادییەکانی خودی ڕەوتی کەڵەکەبوونی سەرمایە، بە ناچاری ڕوو لە دابەزینە. هەوڵ و تەقەلای هەمیشەیی بۆ بەرگرتن بەم دابەزینە و بۆ بەرزڕاگرتنی تێکڕای قازانج، بەتایبەت لە ڕێگەی توندکردنەوەی چەوسانەوە و کەمکردنەوەی بەشی چینی کرێکار لە سەروەت و سامانی کۆمەڵگە، کە لە شێوەی کرێ و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان و □تاد -دا پێی دەدرێت، کاری هەموو ڕۆژەی چینی سەرمایەدار و دەوڵەتە ڕەنگاوڕەنگەکانی و هەروەها توێژاڵێکی فراوان لە بیرمەندانی ئابوری و بەڕێوەبەران و پسپۆڕانی بۆرژوایە لەسەرتاسەری جیهاندا.

سەرباری هەموو ئەم هەوڵانە، ناکۆکیە ناوخۆییەکانی سەرمایە و ڕەوتی ڕوولەدابەزینی تێکڕای قازانج، هەموو جارێک سەرەنجام خۆی دەسەپێنێت و هەموو نیزامی ئابووری دەکێشێتە قەیرانێکی قووڵەوە. سەردەمی متبوون و قەیران نە تەنها نیشانە و بەڵگەی توندبوونەوەی ناکۆکیە ناوخۆییەکانی سەرمایەیە، بەڵکو لەهەمان کاتدا میکانیزمی عەمەلیی خامۆشکردنەوەی قەیران و دەستبەخۆداهێنانەوەی سەرمایەشە. کێبەرکێ لەنێوان توێژە جیاجیاکانی سەرمایەدا توند دەبێتەوە و گەلێکیان دەکەونە داوی ئیفلاسبوونەوە. ئەمە لەهەمان کاتدا سەرمایە لاوازەکان لە مەیدان دەکاتە دەرەوە و هەلومەرجی قازانجکردن بۆ ئەوانەی کە دەمێننەوە لەبارتر دەکات. لەلایەکی تریشەوە چینی سەرمایەدار و دەوڵەتەکانی لە وڵاتە جیاجیاکاندا هێرشێکی بەربڵاو لەشێوەی جۆراوجۆردا بۆ سەر ئاستی ژیانی چینی کرێکار دەستپێدەکەن. ژمارەی بێکاران بە خێرایی بەرزدەبێتەوە و چەوسانەوەی تێکڕای چینی کرێکار توندتر دەبێتەوە. سەرمایە لە دڵی هەر قەیرانێکدا چەقبەستووتر دێتە دەرەوە و بەم پێیەش قەیرانی دواتر بەمەودایەکی فراوانترو قووڵترەوە سەرهەڵدەدات و دەبێتە مایەی کێبەرکێ و کێشمەکێشێکی توندوتیژتر لەناو خودی چینی سەرمایەداردا. سووک کردنی هەر قەیرانێکی تازە خۆسازدانەوەیەکی هەمەلایەنەتری سەرمایە دەخوازێ. پێبەپێی ئەمەش ئاسۆیەک کە بۆرژوازی دەینێتە بەردەم کۆمەڵگە، جار لەدوای جار تاریکتر و خەتەرناکتر دەبێت.

ئاکام و دەرهاویشتەکانی ناکۆکی و قەیرانەکانی نیزامی سەرمایەداری تەنها لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی ئابووریدا نامێنێتەوە. جەنگە ماڵوێرانکەرەکان لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا، میلیتاریزم و دەستدرێژیی سەربازی، داسەپاندنی حکومەتە پۆلیسی و سەرکوتگەرەکان، سەندنەوەی مافە مەدەنی و سیاسیەکانی جەماوەر و بەتایبەت چینی کرێکار، پەرەسەندنی تیرۆریزمی دەوڵەتیی و ڕێکخراوە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان، توندبوونەوەی ڕاگەیاندن و گوشارە دواکەوتووە دینی و ناسیۆنالیستی و نەژاد پەرستانە و دژی ژنەکان، ئەمانە تایبەتمەندیە بەرجەستەکانی سەرمایەداری هاوچەرخن بەتایبەت لە سەردەمی قەیرانەکاندا.

**ماویەتی**

## درێژەی دوا وتە

بنکەو بارەگای ئاشکراو نهێنیان بەناوی جیاجیاوە هەیە... کەچی دەسەڵاتی ئەم زۆنەش لەبەرامبەر بەو هەموو ملهوڕییە ئاشکراو نائینسانییە بێدەنگە، بەڵام کە جەماوەر و خەڵکی ئازادیخواز دەیانەوێت لەڕێگای چالاکیەکەوە ئیدانەی ڕەفتار و کردەوی دەسەڵاتی ئاخوندەکان لەناوخۆی کوردستاندا بکەن، هێزە سەکوتگەرەکان و نۆکەرەکانیان، هێرش دەکەنە سەر خۆپیشاندان و کۆبونەوەکانیان و هەلسوڕاوانیان ڕاپیچی زیندان دەکەن... ئەو مامەڵەیەی دەسەڵاتی زۆنی زەرد و سەوز، بە ئاشکرا ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەم دوو دەسەڵاتە بەتەواوەتی لە ئامێزی دەوڵەتەکانی ناوچەکەدان و نۆکەری پیشەیی بۆیان بۆتە تایبەتمەندییەکی جێکەوتوو... خەڵکی ئازادیخواز و ئینسان دۆست لەناو تورکیاو ئێراندا و لەژێر سایەی سەرکوتی میت و جەندمەو ئیتلاعات و پاسداردا، نارەزایەتی دەردەبڕن، کەچی دەسەڵاتی بۆرژوای کورد ڕێگەی هیچ چالاکیەک نادات..

لەزۆنی زەرد خۆپیشاندان تا رادەیەک بەدژی ئێران ڕێگەپێدراوترە، چونکە نەیاری بلۆکی خزمەتکارییەتی و لە زۆنی سەوزیش چالاکی تا ڕادەیەک لە دژی تورکیا ڕێگەپێدراوە، چونکە نەیاری قوتبی خزمەتکارییەتی، واتە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، بەکردەوە شەر و مەئموریەتی بەوەکالەت بۆ وڵاتانی ناوچەکە دەکات و لەبەرامبەر خۆپیشاندانی ئازادانەی جەماوەرییدا کە دەسەڵاتی مۆری تەئیدی لێنادات، ڕێگری دەکات و حەربەی سەرکوتی ئامادەیە.

دیارە ئەوە بەو مانایە نییە خۆپیشاندان و چالاکی تر بۆخواست و مافەکانی تر، لەژێر سایەی دەسەڵاتی زۆنەکان ڕێگەپیدراو بێت... بەڵکو ڕێگە بەهیچ خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکی جەماوەری نادەن خەڵکی ئازادیخواز بەدژی دەسەلاتی ئەوان بیکات و کە داخوازی و مافەکانیان بەیان بکات... بەڵکو وەکو هەموو رژێمە سەرکوتگەرەکان تەنها ڕێگە بەو خۆپیشاندان و نارەزایەتیانە دەدەن کە بەدڵی خۆیان و بە شان وباڵی دەسەڵاتدا هەڵبدات... هەموو ئەمانە نیشان دەدەن، کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، بانگەشەی ئازادی و بەرگری لە ئازادییەکانی درۆیەکی پوچەو ئەوەی جار و باریش دەکرێت، زادەی قوتبی نەبوونی دەسەڵات و بێ توانایی دەسەڵاتە لە ڕێگری لێکردنی... ئەوە هێرشەی ٢٨ ی ئەم مانگە دەسەڵاتی یەکیتی کردییە سەر خۆپیشاندانی مەدەنی و خەڵکی ئازادیخواز کە بۆ پشتیوانی لە جەماوەری راپەریوی ئیران ویستان وەڕی بخەن... پەڵەیەکی نەنگی تری دژە ئازادیی یەکێتییە، لە چوارچیوەی بەرگری لە نیزامی ئاخوندەکانی ئیران، کە کەوتۆتە سەر لێواری قەبر... دیارە ترس و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، ترسە لە راپەرێن و خرۆشانی جەماوەری کە رۆژ بەرۆژ بەردی بناغەکانی لەلایەن بزوتنەوە کۆمەلایەتییە ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازەکانەوە، بۆ سەریەک دەنرێت. سەرکوت و ملهوری تاسەر ڕێگایەکی بن بەستەو راپەڕینی ئێستای خەڵکی ئێران بەڵگەی راستی ئەم بۆچوونەیە...

**عەبدوڵا مەحمود**

**کۆتایی سێبتەمبەری ٢٠٢٢**

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

بەهار مونزیر، توانا حەمە نوری، ئارام حەسەن، نەغەدە عوسمان، عوسمان محەمەد، بەڵێن ئیسماعیل، عەبدوڵا مەحمود، حەکیم میرزا، هیوا ساڵح، کاوان قادر، ڕۆژ عەزیز، عامر سابیر، عوسمان ئەحمەد، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، عبدالرحمن ڕەسول، حەکیم میرزا، جەمال نوری، بەندی عەلی،

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هەلومەرجی سیاسی عێراق و پرسی پێکهێنانی حکومەت ...

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

## سەلەفی و ئیسلامیەکان و دەسەڵاتی سیاسی سێ کوچکەی بەرگری لە کۆنەپەرستی ...

ئەوەی لە خوارەوە دەیبینن تەنها دڵۆپێک لە دەریای لێلی سەلەفیەکان کە تەنها لەم ماوە کورتەدا لەزمانی بەشیک لەسەرانییەوە، ڕێژراوە... وە ئیسلامیەکانیش پرۆژەی بە حجاجکردنی ژنان و کۆمەڵگە و پیشبرکێی لەبەرکردنی بەهای فەرمووودەو دەسەڵاتی سیاسیش لە ڕیگای وەزارەتی ئەوقافەوە، بەردەوامن لە بە ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگە. ئەوەتا وەزارەتی ئەوقاف دەنووسێت" وەزارەتەکەمان بەپێی یاسای ژمارە یازدەی ساڵی 2007 بەرپرسە لە چالاکیە ئاینییەکان بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان، لەهەمانکاتدا لەدیوانی وەزارەت بەشێکی تایبەت بە فێرکردن و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز هەیە، کە تیایدا زیاتر لە 100 بنکە لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە و هەروەها 136 حوجرە و 21 قوتابخانەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە بەڕێوەبەرایەتی خوێندن مۆڵەت پێدراون، ئەمە وێڕای کردنەوەی (525) خولی فێربوونی قورئانی پیرۆز و هەروەها کردنەوەی خولی پەرەپێدان بۆ (3000) مامۆستای ئایینی لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان لە ساڵی 2022، ئەمانە بەهەموو پشتیوانیەکی وەزارەت کارەکانیان بەڕێوە دەبەن و خاوەنی هەزاران دەرچوون" ئەمانە بەجیا لە ڕیگادان بە کردنەوەی چەندین کەناڵی ئیسلامی و میدیایی و دروستکردنی هەزاران مزگەوت تا رادەی ئەوە کۆمەڵگە بووە بە مزگەوتستان. دەسەڵاتی سیاسی بەجیا لە کۆنەپەرست بوونی خۆی تەواوکاری بۆ ئەم بەرەی ئیسلامی و سەلەفیانە دەکات و دەرگای بۆ فتوا و هیرش کردنە سەر ژنان و کۆمەڵگەی بۆ واڵاکردوون... ئەم سێ کوچکە دژی زانست و زانیاری و مافەکانی ئینسان و ژنان دەبێ لەلایەن بزوتنەوەی پیشکەوتنخوازی کۆمەڵگەوە بخرێنەوە قەفەزەوە و باهۆزی ڕاپەرین لە ئیرانیش، هاوکاریکی گەورەی کورتکردنەوەی دەستی دین و کۆنەپەرستی دەبێت لەسەر کۆمەڵگە...دین دەبێ ببیتە کاری تایبەتی و هەر کەس ئازاد بیت دینی هەبێت یان نەبێت... وە پیویستە دین لە دەوڵەت و خویندن و پەروەردەو یاساکان جیابکرێتەوە و داهاتی کۆمەڵگە سەرفی کردنەوەی قوتابخانە، خەستەخانە، بنکەی تەندروستی و وەرزشی و هونەری و زانستی بکرێت... و هەموو ئەوانە فتوا دەبەخشنەوە، سوکایەتی بەژنان و مافەکانیان دەکەن و هەرەشە دەکەن، پیویستە و دەبێ لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵ بکرێت. کە ئەمەی خوارەوە چەند نمونەیەکن:














## بەرهەمی نوێی هونەرمەند هیوا ساڵح





دوا وتە

## لە هەولێر چالاکی دژی تورکیا و لە سلێمانی چالاکی دژی ئیران یاساغە!

دوو دەسەڵاتی بۆرژوای کورد، چۆن دابەشی سەر دوو دەوڵەتی کۆنەپەست و فاشیستی ناوچەکە تورکیاو ئێران بوون، ئاواش لە راستای عادەت پیشەییاندا بۆیان، لەناوخۆی کوردستاندا ڕێگە نادەن کەس لەگوڵ کاڵتر بەم دوو دەوڵەتە بڵێت و هەر کەس و لایەنێک سەرپێچی لە بریاریان بکات، بەر غەزەبی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و دیموکراسییەکەیان! دەکەوێت.

لە زۆنی زەددا داوای موڵەت بۆ کۆبونەوەیەکی نارەزایەتی یان چالاکیەک لەدژی هێرش و ملهوری تورکیا یا وەستانەوە بە رووی تۆپباران و تیرۆری ئۆپۆزیسیۆنی تورکی یان هەر سیاسەت و کردەوەیەکی دوژمنکارانە بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان، رەت دەکرێتەوە و هێرش دەکرێتە سەر خۆپیشاندان وچالاکیەکان و هەڵسوڕاوانی و بە زۆری هێز بڵاوەی پێدەکرێت و رابەرانی دەستگیر دەکرێن... لە زۆنی سەوزیش بەهەمان شێوە هەر



داواکارییەک بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بۆ هەر چالاکی و خۆپیشاندان و کۆبونەوەیەک بەرووی کردەوە دەخالەتی ئیران لە کوردستاندا، دەکەوێتە بەر هێرشی پێش وەختەی دەسەڵات و ڕێگای پێنادرێت و بەزۆری هیز بڵاوەی پێدەکریت و هەڵسوڕاوان و رابەرانی دەستگیر دەکرێن... ئەوە لە کاتێکدایە رژێمی ناسیونال/ فاشیستی تورکیا، لە زۆنی زەردا دەیان بنکەو بارەگای سەربازی و جاسوسی هەیە، رۆژانە هێرش دەکاتە سەر سنورەکان و بۆمباباران دەکات، رابەران و کادر و ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن لەناو جەرگە و قوڵایی کوردستاندا تیرۆر دەکات و درۆنەکان، درویێنەی ئەندامەکانی دەکەن لە هەر جێگایەک دەربکەون. لەم کردەوە ئینسان کوژی و پیشیلکردنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستاندا لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە، لەلایەن پیاوەکانی دەسەڵاتەوە چاو ساغی دەکرێن و باندە ئینسان کوژەکان و بکوژی دەیان و سەدان کادر و هەڵسوراویان، دەستی هیچ لیپرسینەوەیەکی پێ ناگات. هەروەها رژێمی ئاخوندەکانی ئیران، لەزۆنی سەوزدا بە ئاشکرا تەراتێن دەکەن و بە سەدان کادر و بەرپرسی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانیان تیرۆر کردووە، لە ٣٠ ساڵی رابردوودا بە سەدان جار بۆردومانی ناوچە سنوریەکانیان کردووە، هێرشیان کردۆتە سەر بنکەو بارەگای هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیران و دەیان

بۆ لاپەڕە 14